# فراماسۆنیری چییه و چۆن دامەزرا؟*

لە پیشدا و بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ ئەم مەکتەبە، دەبێ پیناسەیەکی بکەین و دواتر بزانین ژنان و پیاوان چ ڕۆڵێکیان تیدا بینیوە ؟!
زاراوەی فراماسۆن کە لە دوو وشەی"فری Free+ مەیسن Mason" پیکهاتووە، کە Free بە مانای ئازاد و Mason بەمانای بەننا و بە گشتی "فری مەیسن" یانی بەننای ئازاد. کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٣٧٦ی زایینیدا، بە کار هاتووە و دوکتور جیمز ئاندرسۆن یەکەمین کەس بووە یاسای بنەڕەتی فراماسۆنیری لە ماوەی ٢ساڵ دانا و لە ساڵی ١٧٣٣ی زایینیدا، چاپیان کرد.

ئا/ سەید جەلالی سالحی

**کۆنترین فراماسۆنەکانی دونیا کێ بوون!**

یەکەم فراماسۆنانی جیهانتامپلیەکان بوون. وشەی تامپلی(Temple) یانی پەرستگا (معبد) کە لە زمانی فەڕەنسەوە وەرگیراوە. Templerبەو کەسانە دەڵێن کە پاریزگاریپەرستگاکان بوون و لە دەستی نەیاران پاراستوویانە.

لە پیشدا، تاقمیك لە تامپلیەکانی فەرەنسی لە گەڵ ١٠٠هەزار کەس لە سەلیبییەکان دەچنە سووریە و دوای ئەوەی "بیت المقدس" (اورشلیم) دەگرن و لەوێ دەمیننەوە، دەست دەکەن بە ئاوەدانکردنەوە وەك دروستی کردنی پرد و ڕیگاوبان و.... تەنانەت جیگا مەزهەبییەکانیشیان دەپاراست، لەم ڕووەوە جیگای ڕیز و حوورمەتی خەڵکی بوون. ئەو هەموو کارە چاکانەیان ئەنجام دا بێ ئەوەی داوای یارمەتی لە کەس بکەن، لە لایەن پاپیشەوە جیگای ڕیز و حوورمەت بوون، بۆیە پاپ داوای لە مەسیحییەکان کرد هەر کەسە بە پیی توانا یارمەتییان بدا. دەستووری پاپ بووە ئەرکی سەرشانیان و وەزیفەی مەزهەبی، مەسیحییەکان پیشوازییەکی گەرمییان لەم دەستوورەی پاپ کرد تا وایی لیهات تامپلیەکان دەوڵەمەند بوون و یارمەتیشیان دەدا بە پاشاکان. تا بەو ئاکامە

گەیشت بینە نیوبژیوانی خاچپەرستان و ئیسماعیلیییەکان و ئاشتیان بکەنەوە و کۆتایی بە شەڕی خاچپەرستی بینن. سەرئەنجام تامپلیەکان کە پتر لە ٢٠هەزار کەس دەبوون، فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانیشیان تیدا بوون، گەڕانەوە سەرجیگای باوباپیرانی خۆیان.

لە نیو تامپلیەکانلە ڕوانگەی کارەوە هەموو جۆرە مرۆڤیك هەبوو، وەلیّ بەننا و کریکار زیاتر بوون، بە گشتی هەموویان دەستیان دابۆ کاری هەرەوەزی و ئاوەدان کردنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرنجی زیاتری خەلکی بۆ لای خۆیان ڕاکیشن و لایەنگران لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و ببنە خاوەنی ڕیز و ئیعتباریکی زۆر، تا وایی لیهات فیلیپی چوارەم کە بە فیلیپی لاوچاك بە نیوبانگ بوو، خۆی لییان نزیك کردەوە، دۆستایەتی پەیدا کرد بە تایبەت لە گەڵ ڕیبەرەکەیان "ژاك دۆموولە".

لە سالّی ١٣٠٣ی زایینی، فیلیپی چوارەم لە گەڵ پاپ بوونیفاسی هەشتەم نیوانی تیك دەچیّ و پەنا بۆ تامپلیەکان دینیّ و وەزارەتی مالّی (دارایی) حکوومەتەکەی بەوان دەسپیریّ. لە سالّی ١٣٠٥ی زاینی، ڕیفراندۆم لە دژی دەکریّ و بە یارمەتی تامپلیەکان فیلیپی چوارەم دەگەڕیتەوە سەر کورسی دەسەلات. دوای ماوەیەك پاپ دەمریّ و پاپ "کلمان"ی پینجەم دەبیتە جیّنشینی و فیلیپی چوارەمیش خۆی لیّ نزیك دەکاتەوە و دۆستایەتی لە گەڵدادەبەستیّ، دواتر داوای لیدەکات فتوایەك بدا لە دژی ئەو ملّك و سامانەی تامپلیەکان، پاپیش لە قسەی دەرناچیّ، وایی لیّ دی دوژمنایەتی دەکەویتە نیوان ژاك دۆموولە و فیلیپی چوارەم. فیلیپ دەست بە سەر مالّ و سامانی تامپلیەکاندا دەگریّ و زۆریان لیّ دەکوژن و زۆریشیان لیّ بە دیل دەگریّ، لە نیو ئەواندا ژاك دۆموولەی ڕیبەریان و بۆ ماوەی ٧ سالّ زیندانی دەکریّ تا لە ڕۆژی١٤ی مارسی١٣١٤ی زایینیدا، لە بەرامبەر کلیسای نۆتردامی پاریس لە گەڵ دەستەیەك لە هاوڕیکانی دەسووتیندرین و هەندیکیشیان هەر بە جل و بەرگی کریکارییەوە هەڵدین و پەنا دەبەنە بەر دووڕگەی بریتانیا و لەویّ تا ئارام بوونەوەی بارودۆخ دەمیننەوە، دوایی یەکتر دەگرنەوە و لە ئەڵمان ڕیکخراویکی شیوە ماسۆنی پیك دەهینن. ئەم ڕیکخراوە تازە دامەزراوە هەر دریژەدەری ئەو ڕیکخراوەی ژاك دۆموولە دەبیّ کە لە کۆتایییەکانی سەدەی١٣ی زایینیدا، لە فەرەنسا خۆی دروستی کردبوو. لە زۆر سەرچاوەی ماسۆنییەکاندا، ژاك دۆموولە لە پیشڕەوانی فراماسۆنیری و یەکەمین کەسیش بووە گیانی لەو ڕیگایەدا بەخت کردووە.

هەر بەم بۆنەوە ژاك دۆموولە لە هەرەتی لاوی دا دەسووتیندریّ، بۆ یادکرنەوە و ڕیزلینانی زیاتر ڕیکخراویك لە دامەزراوە ماسۆنییەکان، تایبەت بە لاوەکان دروست دەکەن و ناوی لیدەنین، ژاك دۆموولەی ئەنتیرناسیۆناڵ ( De molay International) کە دواتر بوو بە یەکیك لە ریکخراوە چالاکەکانی فراماسۆنی. زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکانی جیهانیش لەم ریکخراوەدا تیکۆشاون و بوونەتە فراماسۆن، بۆ نموونە بیل کلینتۆن (ویلیام جفرسۆن)، چل و دووهەمین سەرۆك

کۆماریی ئەمەریکا کە لە دەورانی خوێندنی زانکۆ، دەبێتە ئەندامی فراماسۆنی ڕێکخراوی ژاك دۆمۆولەی ئەنتێرناسیۆناڵ.

سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوەی فراماسۆنیری، تەنیا مەسیحییەکان دەیانتوانی ببنە فراماسۆن، ئەو کەسانەش کە کاری بیناسازییان دەزانی حەقییان هەبوو ببنە فراماسۆن، چونکە بنەما و کاری ئەوان خودایە کە یەکەمین ئەندازیاری بیناسازی گەورەی جیهانە، یەکێکیش لە مەرجەکانی چوون بۆ نێو ئەو مەکتەبە ئیمان بە زاتی خودابوو کە ئەم قۆناغە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر فراماسۆنیری عەمەلی( Operative Masonary)، چونکە بە پێی یاسای بنەڕەتی ساڵی١٧٣٣ی زایینی، ئەو کەسە فراماسۆنە یان دەیهەوێ ببێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەدەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بێت:

١: تەمەنی لە ٢١ساڵ کەمتر نەبێت.
٢: هیچ جۆرە نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونی نەبێت.
٣: دوو کەس لە ئەندامانی فراماسۆن بیناسن و بیناسێنن و زەمانەتی بکەن.
٤: خاوەنی ڕەفتار و ئەخلاقێکی دروست و ماقوڵ بێت.
٥: خۆی لە هەر وتەیەك بپارێزێ کە بۆنی کوفری لێ بێ.
٦: پابەند بە یاسا و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بێت کە زیاتر لیی دەژیت و ڕێزی بۆ دانێ.
٧: لە هەر جۆرە ئاژاوەییەك بێ کە نەزم و دیسیپلینی کۆمەڵگا دەشێوێنێ.

بەڵام بە پێی پەسندکراوی یاسای بنەڕەتی نوێ، تەنیا مەسیحی بوون مەرجی و وەرگرتنی نیەابەڵکوو هەموو مەزهەبەکانیتریش دەتوانن بچنە نێو ئەوڕێکخراوە و لە کاتی وەرگرتنیدا وەك فراماسۆن، هەر کەسە بە کتێبی پیرۆز و ئایینی خۆی سوێندی دەدەن نهێنییەکانی نێو خۆیان نەدرکێنێ و نەباتە دەرەوە، هەر کارێکیشیان پێ سپارد بێ ئەملاولا بەڕێوەی بەرێ. بە پێی ئەو پەسندکراوە نوییە، وەك پێشوو نەبوو تەنیا ئەو کەسانەی کاری بەننایی و بیناسازی دەزانن بچنە نێو ئەو ڕێکخراوە، بەڵکوو غەیری کرێکار و بەنناکانیش دەیانتوانی ببنە فراماسۆن، بەڵام باوەڕ بەخودا و بوونی زاتی خودا، لە یاسای نوێشدا وەك ئەندازیاری گەورە یاد کراوەتەوە و یەکێکە لەو پرنسیپانەی کە دەبێ فراماسۆن پێی پابەندی بێت. ئەم قۆناغەش دەگەڕێتەوە سەر، فراماسۆنی تیۆرێك (Speculative masonary) کە نا مەسیحی و ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە کاری بیناسازیدا نین. ئەوەش پێشکەوتنێکی گرینگ و نوێ بوو لە مێژووی فراماسۆنیریدا، بەس کەسێك بیهەوێ ببێتە فراماسۆن، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەبێ لە لایەن دوو فراماسۆنەوە ناسێندرابێ، سەرەتا وەکوو قوتابییەك وەری دەگرن ئینجا هێندێك پرەنسیپ هەیە دەبێ پەیرەویان بکات. بۆ وێنە لە پێشدا، هەر هەموو کەل و پەلەکانی لێوەردەگرن تەنیا جلەکانی ژێرەوە نەبێ ئەوانی دیکەی دەبێ داکەنێ، چاوی دەبەستن و لە چەند دیوەوە ڕەتی دەکەن تا دەیبەنە خزمەت ئۆستادی گەورە( Grand master) و ئەویش هێندێك پرسیاری تایبەت بە

وەرگرتنی قوتابییەکی ماسۆنی لیدەپرسیٚ و وەردەگیریٚ. لە دوایی‌دا نیشانەی فراماسۆنیری هەیە کە هەر فراماسۆنیك لە هەر پلەوپایەیەکدا بیت دەبیٚ بیبەستیٚ، ئەویش بەرهەڵبینەیەکی چەرمی (Apron)یە، کە لە مەراسمە فەرمییەکاندا هەر هەموویان دەبیٚ بیبەستن.

بەرهەڵبینەی زۆر لە فراماسۆنە بە نیوبانگەکانی جیهان قیمەتی و بەنرخن و لە کەونینەخانەکانهەڵگیراون، لەوانە بەرهەڵبینەی جۆرج واشینگتۆن یەکەم سەرکۆماری ئەمەریکایە، کە جەنراڵ لافاییتی فەرەنسی، یەکیك لە پیشرەوانی شەرەکانی سەربەخۆیی ئەمەریکا دژی بریتانیا، پیشکەشی کردوە، نیشانەی تایبەتی بەرهەڵبینەکە، خاتوو مادام لافاییتی خیزانیلە ساڵی ١٧٨٤ی زایینی‌دا بە دەست درووبەتی، تا ئیستاش ئەو بەرهەڵبینەیە پاریزراوە.

پلەکانی فراماسۆنیری: قوتابی کە پلەی یەکەمە، پلەی دووهەم "یاری"و پلەی سیهەمیش ئۆستادییە، بەم سیٚ پلەیە دەڵین ئایینی ڕەمزی. دەبیٚ بۆ پلەی سیهەم کە ئۆستادییە، شیوەی کوژرانی حیرام، شیوەی دروستکردنی کۆشکی حەزرەتی سولەیمان بە شیوەی سەمبوولیك بەڕیوە بچیٚ، ئەویش بە نەدرکاندنی ڕەمزی فراماسۆنیری و پاراستنی نهینی‌ناو خانەکانیان.

حیرامی بیناساز کە لە میژووی فراماسۆنەکاندا بە یەکەم ئوستادی گەورەی فراماسۆنیری دادەنریٚ، چۆنیەتی کوژرانی ئاوا دەگیرنەوە: حەزرەتی سولەیمان خەریکی دروستکردنی کۆشکەکەی دەبیت و بیناسازیکی تایبەتی بۆ دەگریٚ بە نیوی حیرام، گوایە نزیکەی (٣٠٠) هەزار وەستا و کریکاری کاریا تیدا کردووە، لەبەر کردنی ناوی هەموویان کاریکی زۆر دژوار دەبیٚ، (حیرام) بە شیوەی گرووپ ڕەمزیان بۆ دادەنیٚ، بۆ ئەوەی حەقی کەس نەفەوتیٚ تەنیا خۆی و حەزرەتی سولەیمان لە ڕەمزەکان ئاگادار بوون. هیندیك لە کریکارەکانی کە نزیکەی ١٥کەس دەن، بڕیار دەدەن بە هەر شیوەیەك بیت ڕەمزەکە بە حیرام ئاشکرا بکەن و بۆ ئەم کارەش لە ناو کۆشکەکەدا بۆسەی بۆ دادەنین، ١٢ کەسیان پەشیمان دەبنەوە و تەنیا ٣ کەسیان لە سەر بەڵینی خۆیان دەمیننەوە، ئەو سیٚ کەسە لە سیٚ شوین خۆیان حەشار دەدن، حیرامیش کە ریگای هاتووچۆی دەبیٚ، بە یەکەم کەس دەگا و داوای لی دەکا ڕەمزەکەی پیٚ بلیٚ، ئەویش هیچ نادرکینیٚ، لیی دەدات، بە دووەمی دەگا و ئەویش بە هەمان شیوە لییدەدا تا نەفەری سیهەم، وایی لیٚ دیٚ دەیکوژن و ڕەمزەکە نادرکینیٚ. گوایە دوایی حەزرەتی سولەیمان بۆ خۆی کۆشکەکە تەواو دەکا.

هەر فراماسۆنیك بۆ پلەی ئۆستادی لە ئایینی ڕەمزییدا دەبیٚ چۆنییەتی ئەو کوژرانە بەڕیوە بەریٚ و بە شیوەی سەمبوولیك بیکوژن، بەو مانایەی ئامادەن گیان بەخت بکەن بەڵام هیچ نەدرکینن!

لە میژووی فراماسۆنەکاندا چۆنیەتی کوژرانی حیرامی بیناساز ئاوا هاتووە و باوەڕی تەواویشیان پییەتی و مەرجی بنەرەتیانە. بەڵام سەرچاوە ناماسۆنییەکاننە بەم شیوەیە باسی دەکەن نە باوەڕیشیان پییەتی.

بە باوەڕی میژوونووسانی فراماسۆنیری کاری دروستکردنی جیهان دەگەڕیتەوە بۆ ٤هەزار ساڵ

پیش لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح. واتە سەرهەڵدانی مەکتەبی فراماسۆنیری دەگەڕیتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پیش زایین. تا ئیستا نزیکەی٥/٧ میلیۆن فراماسۆن لە ١٢٥وڵاتی جیهاندا هەن، بە هاتنی سەدەی بیست و یەك (٢١) جەژنیکی گەورەیان گرت و بە باوەڕی ئەوان ساڵی٢٠٠٠ی زایینی، ساڵی دەست پیکردنی هەزارەی سیهەم نیە، بەڵکوو ساڵی دەست پیکردنی هەزارەی حەوتەمە، هەر بۆیە ساڵی دووهەزاریان نیونا، ساڵی ڕووناکی (The year of light).

تیپەڕکردنی پلەکان لە یاسای فراماسۆنیری‌دا زۆرن و هەر کەسیك بیەوێ بە بەرزترین پلە بگات، دەبێ تا پلەی ٣٣ بڕێ کە بەرزترین پلەی فراماسۆنیرییە. لەو حەوت میلیۆن ونیو فراماسۆنە تا ساڵی ٢٠٠٠، ڕەنگە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە پلەی ئاخری گەیشتبن لە ٧٠هەزار کەس تیپەڕ نەکات. ئەم ئایینە کە لە کۆنەوە هاتووە و پەسندکراوەی یاساشە، پیی دەڵین ئایینی ئیسکاتی.

لیرەدا فراماسۆنەکان، بەو پییەی ڕەنگە زۆر کەس نەتوانن بە ئاخر پلە بگەن، مەکتەبی فراماسۆنیرییان بەسەر سێ ئاییندا دابەش کردووە، کە بەم شیوەی خوارەوەیە:

**الف: ئایینی ڕەمزی:**

لە سێ پلەدا کۆتایی دیت و ڕەنگە زۆر کەس ئەو پلانە بڕن کە پیشتر باسمان کرد.

**ب: ئایینی یورك (York):**

لە پلەی یەکەمڕا تا دەگاتە پلەی دە (١٠) کە بڵاترین پلەی ئەم ئایینەیە.

**ج: ئایینی ئیسکاتی:**

هەر لە کۆنەوەڕا هاتووە و تا پلەی ٣٣ دەڕوا کە بزرترین پلەیە، کەم کەس هەن بەو پلەیە گەیشتبن، یان وازیان هیناوە یان مردوون یان توانای تیپەڕکردنیان نەبووە.

لە هەموو مەراسم و جیژن و بۆنەیەکی تایبەتی یا پیدانی پلە بە ماسۆنەکان، کۆدەبنەوە، وەکوو بنەمایەك لە لایەن ئۆستادی گەورەوە، دەبێ ئەم ئامۆژگاریانەیان بۆ دووپات بکریتەوە. نەك هەر باسکردن بەڵکو بنچینە و باوەڕی هەر فراماسۆنیکن و دەبێ ئیمانی تەواویان پێ بێ و لە هەمان کاتیش‌دا بەڕیوەیان بەرن، کە بریتین لە:

١: حەمدوسەنای خوا، کە وەك بیناسازی گەورە یاد و سوپاسی دەکەنەوە.

٢: چاکە کردن لەگەڵ خەڵك و دوورکەوتنەوە لە خۆ بەزل زانین.

٣: دوورکەوتنەوە لە گوناح کردن، ئەوەی بۆ خۆت ناوێ بۆ کەسیشت نەوێ.

٤: ڕیزدانان بۆ دایك‌وباوك و کەسانی لە خۆت گەورەتر.

٥: پیك هینانی ژیانی هاوبەش و باش پەروەردەکردنی منداڵەکانت.

٦: نیشتمان پەروەری و ڕیزلینان لە یاسا.

٧: زاڵ بوون بە سەر هەوا و هەوەس‌دا.

٨: دەست گرتنەوەی و یارمەتی دانی لیقەوماوان، ئەوین و خۆشەویستی سەبارەت بە هاو ڕەگەز و تیرەت.

٩: کارکردن و هەوڵدان، دوورکەتنەوە لە تەمبەڵی و بیکاری.

١٠: ڕازداری و ئەمانەتداری، پابەندبوون بە قەول وبەڵینی خۆت.

١١: دوورکەتنەوە لە توندوتیژی، پتر هاوکاری کردنی ماددی و مەعنەوی دەوروبەرەکەت.

١٢: رەچاو کردنی ویژدان و دادپەروەری لە پیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا.

هەروەك چۆن بۆ دروستکردنی خانووبەرەیەك، دەبیَ وەستاکار و چەندین کریکارتا تەواو بوونی بینایەکە پیکەوە هاوکاری یەکتری بکەن. بەبڕوای فراماسۆنەکانیش هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، کۆمەڵیك وەستاکار بوونە کاکڵە و بناغەی دامەزرانی، فەلسەفەکەشیان لەو کارو بیرۆکەیە، هاوکاری و لیك نزیك خستنەوەی مرۆڤەکان و لابردنی ئەو سنوورە دەستکردانەیە کە دەرئەنجامی شەڕ و بە یەك دادانن. دەڵین: دەبیَ هەر فراماسۆنیك خۆی بە هاوشار و هاوولاتی هەموو جیهان بزانیَ لە هەر نەتەوە و ڕەگەزیك و هەر ولاتیك بیت خۆی بە بیگانە نەزانیَ و پەرە بەریکخراوەکەیان بدەن و لە هەر شوینیکی دونیا بن، هاوکاری یەکتری بکەن.لە هەمووش گرینگتر ئەوەیە: ریکخراوەکەیان لە یەك مەزهەبی دیاریکراو نەبی و تیکەڵاو بیت لە هەموو بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی دونیا. هیچ فراماسۆنیك حەقی نیە بیروباوەڕی کەس پووچەڵ کاتەوە و بیَ حوورمەتییان پیَ بکا. هەر بۆیە بە چوونی کەسیك بۆ نیویان و دوای وەرگرتنی دەبیَ بە کتیبی ئایینی خۆی سویند بخوا و بە دوور بیَ لە هەر جۆرە خەیانەت کردنیك بەو مەکتەبە.

**فراماسۆنیری و سیاسەت!**

هەروەك پیشتر ئاماژەمان پیکرد، ئەم مەکتەبە لە ١٢٥ ولاتی دونیادا، کاروچالاکی خۆیان دەست پیکردووە کە لە هیندیك ولاتدا چالاکییان زیاترە، بۆ وینە، سەرنجی ئەو چەند ولاتە دەدەین!

١: فراماسۆنیری لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٣٠ی زایینیدا، بە دانانی "دانیاڵ کۆکس" وەك یەکەمین ئۆستادی گەورە لە ویلایەتەکانی نیۆیۆرك، نیۆجیرسی و پینسیلوانیا، چالاکی خۆیان دەست پیکرد، بەلام بە بۆچوونی فراماسۆنەکانی ئەمەریکایی، میژووی فراماسۆنیری لەو کاتەوە دەست پیدەکات کە "بنیامین فرانکلین" لە ساڵی ١٧٣١ی زایینیدا، بوو بە ئەندامی ریکخراوەکەیان و یەکەم یاسای بنەڕەتی فراماسۆنیری ئەمەریکای نووسی کە بووە هۆی ئەوەی لە ئەمەریکا پتر لە هەر ولاتیکی تر پەرە بستینیَ، دواتر خودی فرانکلین ئالای سەربەخۆیی ئەو ولاتەشی هەڵکرت.

بە بۆچوونی فراماسۆنەکانیش، لەو کاتەوە فراماسۆنیری بە فەرمی خۆی خزاندە نیو سیایەتی دەوڵەتان، ئەمەریکا لە نیو ئەو ولاتانەدا کە فراماسۆنیری تییدا دەست بەکارە و پەرەی سەندووە یەکەمین ولاتە، دەسەلاتدارانیشی پتر لە کەسانیتر بوونە هۆی پەرەپیدانی. بۆ وینە، جۆرج واشینگتۆن یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا بوو لە ڕۆژی ١٧٨٩/٤/٣٠ی زایینی،بە فەرمی دەستی بەکار کرد، جیاو لەوە لە ڕیورەسمی دروستکردنی بینای کۆنگرەی ئەمەریکا لە واشینگتۆن، یەکەم بەردی بناغەی بە بەرهەڵبینە فراماسۆنییەکەیەوە دانا. دوو وەزیری سەرەکی کابینەکەی خۆی واتە

وەزیرەکانی دەرەوە و خەزانەداری دایە دەست "توماس جفرسون و الکساندر هامیلتون" کە هەر دووکیان فراماسۆن بوون.

نە تەنیا ئەوان بەڵکوو زۆر لە سەرۆك کۆمار و دەسەڵاتدارانی دوای ئەوانیش فراماسۆن بوون و بە بەرزترین پلەی ئەو مەکتەبە گەیشتوون و لە کیبەرکیی دەسەڵاتدا بە زۆرینەی دەنگ یان بە هەوڵ و هیممەتی فراماسۆنەکان سەرکەوتنیان بەدەست هیناوە.

٢: قارەمانی بە نیوبانگی سەربەخۆیی وڵاتی ئیتالیا لەساڵی ١٨٧٣یزایینی، "گاریبالدی" ریکخراوی فراماسۆنیری دامەزراند و تەنانەت پیش مردنیشی لە ساڵی ١٨٨٢ تا پلەی ٣٣ی فراماسۆنیری رۆیشت.

٣: "تالین"یەکیك لە ڕیبەرانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لە گەڵ "پۆل باراس" کە دواتر"ناپلیۆن بۆناپارت"یشیان رەگەڵ کەوت، هەر سیکیان فراماسۆن بوون. بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئیمپراتوری لە ساڵی ١٨٠٤یزایینی، ناپلیئۆن، کۆتایی بە شۆڕشی فەڕەنسا هینا.

٤: شۆڕشی کریکاری لە ڕووسیە لە ڕۆژی یەك شەممۆ، ٢٢ی ژانویەی١٩٠٥ی زایینی، کە بە یەك شەممۆی خویناوی بە نیوبانگە، یەکەم هەنگاو بە ڕیبەری قەشەیەکی مەسیحی فراماسۆن بە نیوی"گاپۆن" دەستی پیکرد کە لە لایەن فراماسۆنیکی دیکەوە بە نیوی "کۆنت سرگە ئیویتە" لە ناو چوو، بەڵام نوختە عەتفتیکی باشی خستە سەر جیهان.

دەتوانین بڵیین فراماسۆنیری بەشیکی جیا نەکراوەیە لە سیاسەت، چونکە نە تەنیا زۆرینەی خاوەن دەسەڵاتەکانی دونیا ئەندامی ئەو ریکخراوە و هاندەری فەرمی و بنەڕەتی بوون لە ئاڵوگۆڕی وڵاتدا، بەڵکوو ئیستاشی لەگەڵدا بیت دۆلار نە تەنیا دراوی ئەمەریکا بەڵکوو یەکیکە لە دراوە فەرمییەکانی بازاڕی جیهانی، لە تاك دۆلاریدا لایەکی وینەی جۆرج واشینگتۆن و لایەکەی دیکەی نیشانەی ریکخراوی فراماسۆنیری لە سەر چاپ کراوە، ئەویش دەگەڕیتەوە سەر گرینگی و تایبەتمەندی ئەو ریکخراوە و کاریگەری لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و سیاسەتی نیو دەوڵەتی.

بۆ زانیاری زیاتر با سەرنج بدەینە هیندیك لە کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان لەو مەکتەبەدا!

١: نووسەری گەورەی ڕووس کە بە گەورەترین نووسەری دونیاش ناسیندراوە "لئون تۆلستۆی" کە خاوەنی کتیبی ئەدەبی "جەنگ و ئاشتی"و چەندین بەرهەمی دیکەیە، فراماسۆن بووە.

٢: "اسماعیل شاە"دەسەڵاتداری وڵاتی میسر لە (١٨٧٩ – ١٨٦٣) کە باشترین دەورانی میژووی میسر دادەنریّ، ئۆستادی گەورەی خانەکانی فراماسۆنیری میسر بووە.

٣: "فردریك اگوست" (بارتولدی)،پەیکەرسازی بە نیوبانگی فەرەنسی(١٩٠٤-١٨٤٣) کە پەیکەری گەورەی ئازادی ئەمەریکای لە ساڵی١٨٨٦ی زایینیدا، دروست کرد، فراماسۆن بووە.

٤: "ئیدوارد هشتم" پاشای ئینگلستان لە بەر پیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ژنیکی ئەمەریکایی بە نیوی "سیمپسون Simpson" دەستی لە پاشایەتی هەڵگرت، نە تەنیا فراماسۆن بەڵکوو ئوستادی گەورەی خانەکانی بریتانیا بوو.

٥: "جیمز بیوکانن" پانزدەهەمین سەرۆك کۆماریی ئەمەریکا(١٨٦٨-١٧٩١)،کە بۆ ماوەی ٥٠ سالٚ تیکۆشا و بۆ پەرەپیدانی فراماسۆنیری لە ئەمەریکا چالاکی نواند.

٦: "سیمۆن بۆلیوار" (١٨٣٠-١٧٨٤)،کە بە جۆرج واشینگتۆنی ئەمەریکای لاتین بە نیوبانگە و بۆلیوی بە شانازی ئەو ناو نراوە، فراماسۆن بوو.

٧: "ڕیچارد بیرد" (١٩٥٧-١٨٨٨)، دۆزەرەوەی ئەوسەری باشوور (قطب جنوب) فراماسۆن و نیشانەی فراماسۆنیری لەویٚ هەلٚدا و، بە یەکەم فرۆکەوانیش دادەنریٚ کە بە سەر ئەوسەری باکووردا لە سالٚی١٩٢٦، دەوری لیدا.

٨: "هاری ترۆمەن" (١٩٧٢-١٨٨٤) سی و سیهەمین سەرۆك کۆماریی ئەمەریکا کە لە ماوەی٨ سالٚ سەرۆکایەتی‌دا، چەندین ڕووداوی میژوویی ڕوویان داوە، وەك بەردانەوەی دوو بۆمبی ئەتۆمی بە سەر دوو شاری ژاپۆندا (هیرۆشیماو ناکازاکی)، و سەرهەلٚدانی شەڕی سارد،فراماسۆن و بەپلەی (٣٣) بەرزترین پلەی ئۆستادی‌گەیشت.

٩: "توماس جفرسون" (١٨٢٦-١٧٤٣) سیهەمین سەرۆك کۆماریی ئەمەریکا کە بۆ ماوەی ٨سالٚ سەرۆك کۆمار بو و دوایە دەستی دایە دروستکردنی زانکۆی ویرجینیا و تا کاتی مردنی سەرپەرشتی ئەو زانکۆیەی گرتە ئەستۆ، فراماسۆن بوو.

١٠:"ئیدوین درایك"(١٨٨٠-١٨١٩)، لە سالٚی ١٨٥٩ دەستی بە هەلٚکەندنی یەکەمین چالٚی نەوتی لە ئەمەریکا کرد و دوای ٦ مانگ (٢٧ی ئووتی١٨٥٩)، بە نەوت گەیشت. ئۆستادی گەورەی خانەی فراماسۆنیری پینسیلوانیا بوو.

١١: "تئۆدۆر ڕوزڤیلٚت" (١٩١٩-١٨٥٨)، بیست و شەشەمین سەرۆك کۆماریی ئەمەریکا، کە لە دوو دەورەی سەرۆکایەتی‌دا، سەربەخۆیی کووبای ڕاگەیاند، هەلٚکەندنی کانالٚی پانامای ئەنجامدا، ناوبژی نیوان ڕووسیا و ژاپۆن کرد و کۆتایی هینا بە شەڕی دووروودریژی نیوانیان، یەکەم خەلاٚتی ئاشتیی نوبیلی لە سالٚی١٩٠٤دا وەرگرت، ئەندامی ریکخراوی فراماسۆنیری ئەمەریکا بوو.

١٢: "فرانکلین دلانۆ روزویلٚت"(١٩٤٥-١٨٨٢)سی‌ودووهەمین سەرۆك کۆماریی ئەمەریکا و یەکەمین سەرۆك کۆماریشە بۆ ٤ دەورە کاندید بیتەوە، لە سالٚی١٩٢١دا بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان، ئیفلیج ببوو، لە سالٚی "١٩١١"ەوە بووە ئەندامی ریکخراوی فراماسۆنیری ئەمەریکا.

١٣: "ڕۆنالٚد ڕیگان"،چلەمین سەرۆك کۆماریی ئەمەریکا لە سالٚی ١٩٦٠دا بوو بە ئەندامی ریکخراوی فراماسۆنیری و سەرکەوتنی خۆی لە پشتیوانی کردنی فراماسۆنەکانەوە دەزانی.

١٤: "ئاندره سیترۆئین"(١٩٣٥-١٨٧٨) کە یەکەمین کۆمپانیای ماشین سازی لە فەڕەنسا دروست کرد، یەکیك لە تیکۆشەرانی ریکخراوی فراماسۆنیری فەڕەنسا بووە.

## ژنان چ ڕۆڵیکیان لە مەکتەبی فراماسۆنیری‌دا گێڕاوە؟

بیگومان لە مەکتەبیکی ئاوەها پان وبەرین‌دا، کە بە گشتی میژوویەکی زۆر کۆنی لە ئالۆگۆڕەکانی ولاّتان هەیە، هۆی سەرەکی بووە و رۆڵی گیڕاوە.ژنانیش دەوری خۆیان تیدا بینیوە، هەر چەند کە ژنان ئیستاشی لەگەڵدا بیت لە زۆر ولاّتاندا، مافیان پیشیل کراوەو دەکریّ. لە سەرەتای سەرهەڵدانی مەکتەبی فراماسۆنیریش‌دا بە پیی یاسای بنەڕەتی دوکتور ئاندرسۆن، چەند تویژ لە کۆمەلاّنی خەڵك وەك، دیل و کۆیلەکان، ئەو کەسانەی لە بواری ئەخلاقی وکۆمەلاّیەتی‌دا سووکن، کەسانیك بەپیی یاسا تاوانبارن، لە سەروو هەموانیشەوە ژنان، نەك هەر نەیاندەتوانی ببنە فراماسۆن بەڵکوو حەقی بەشداربوونیشیان نەبوو.بەلاّم بە هۆی زیرەکی و لیهاتوویی خۆیان وئالۆگۆڕەکانی جیهان، ئەو دەرفەتە بۆ ژنان ڕەخسا کە بزانن بناغە و نیوەڕۆکی فراماسۆنیری چییە! و ئایا دەکریّ ئەوانیش وەك پیاوان ریکخراویکی ئەوتۆیان هەبیّ و لە ئالۆگۆڕەکانی دەوروبەری خۆیان، بەباشی دەور بگیڕن ؟!

نابیّ ئەوەش لە بیرکەین، کە یەکیك لە ماددەکانی یاسای بنەڕەتی فراماسۆنیری کە تایبەت بوو بە نەچوونی ژنان بۆ نیو ریکخراوەکەیان، لەلایەك بیّحوورمەتییەکی گەورە بوو بە ژنان و لە لایەکی‌ترەوە بە هۆی نهینی ریکخراوەکەیان تەنیا فراماسۆنەکان لەو خاڵە ئاگادار بوون و لەوان بەدەر کەس نەیدەزانی. هەر بۆیە کەم کەس لەو نهینی‌یە ئاگادار بوون، ئەمەش وایی کرد نهینی ئەو مەکتەبە لە لایەن ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان فراماسۆن و یەکە دەسەلاّتداری ولاّت بوون، دەرگایان بۆ ئاوەلاّ بکریّ تا هەبوون و توانایی خۆیان ڕابگەیەنن. بۆ وینە یەکەمین خانەی فراماسۆنیری ژنانە لە جیهان‌دا بەم شیوەی خوارەوە پیك هات!

بە هۆی هیرشی "کرامویل" دژی پاشای ئینگلستان چارلیزی یەکەم لە ساڵی١٦٥٢ی زایینی‌دا و، سەرکەوتنی کرامویل و لە سیدارەدانی چارلیز، "هنریت دوفرانس"ی خیزانی هەڵدیّ بۆ فەڕەنسا و پەنا بۆ لۆیی چواردەهەم پاشای ئەو کاتی فەڕەنسا دەبا، هەر وا بیّدەنگ نابیّ، بە ڕەزامەندیی لۆیی دژی فەرمانڕەوایی کرامویل و بەدەسەلاّت گەیندنەوەی کورەکەی بۆ پاشایەتی ئینگلستان، دەستی دایە کارو تیکۆشانی سیاسی، کە سەرکەوتنیشی بە دەست هینا.

هینریت دوو فرانس، سەرەتا بە یارمەتی و کەڵك وەرگرتن لە خانەکانی فراماسۆنیری ئینگلستان، خانەیەکی فراماسۆنی ئینگلیسی- فەرەنسی، دروست کرد ولە پەنا ئەو خانەدا دەستی بە تیکۆشانی سیاسی کرد و ئەوانی دژی حکوومەتی کرامویل هاندەدا. بۆ چەسپاندن و ئەنجامی زیاتر بوو بە ئەڵقەی پیوەندی نیوان ریکخراوی فراماسۆنیری بریتانیا و فەڕەنسا، ئینجا خانەیەکی فرماسۆنی لە ژنانی دەربار دروست کرد کە بە یەکەمین خانەی فراماسۆنیری ژنان لە جیهان‌دا، دادەندریّ. لەوەدوا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی گرت تاکوو لە ساڵی١٧٧٥ی زایینی، خانەکانی ژنانی فەڕەنسا یەکیان گرت و خانەیەکی گەورەیان دروست کرد و خاتوو"دوشس دو بوربون" بە ڕیوڕەسمیکی تایبەت وەك ئۆستادی گەورەی ژن هەڵبژیردرا.

هەرچەند خانەکانی فراماسۆنیری ژنان لە لایەن ریکخراوی فراماسۆنیری جیهانییەوە بەفەرمی نە دەناسران و زۆرتر حالەتی سەرگەرمی و رۆژگار بردنەسەریان هەبوو، بەلام ژنان وازیان نەهینا وبۆ زیاتر بەفەرمی ناسینی خانەکانیان، لە ریکخراوی فراماسۆنی پیاواندا رۆلی گرینگیان دەگیرا، بۆ وینە، ژنیکی فەرەنسی بە نیوی خاتوو"لوئیز رنە دوکروال Louise Renee De keroualle" کە لە کاتی گەنجیدا، جوانترین ئافرەت و ئەویندارى "لویی چواردەهەم "پاشای فەرەنسا و یەکیك لەو ژنانەش بووە کە لە پەرەپیدانی فراماسۆنی ژنان رۆلی سەرەکی گیراوە، بەم بۆنەوە بەسەفەر دەچیتە لەندەن و لەویش دلی چارلیزی دووهەم پاشای نویی بریتانیا وەك لۆیی چواردەهەم،دەستینی —چارلیزی دووهەم بە کارو چالاکی دایکی ویارمەتی فراماسۆنەکان بوو بە جیٚنشینی باوکی-، لەو ریگایەوە زیاتر لیی نیزیك دەبیتەوە، دواتر نیوبانگی خاتوو "دوشیس ئاف پۆرتسمۆس Duches of Portsmouth"ی پیدرا. توانی لەگەل ئوستادی گەورەی فراماسۆنەکانی ئینگلستان کە هاتووچۆ و ئاشنایەتییان لە گەل دەربار هەبوو، دۆستایەتی پەیدا بکات وهەر لەگەل ئەویش بگەریتەوە پاریس. لەوەدوا چەندین خانەی فرماسۆنی ژنان بە سەرپەرشتی و لە ژیر چاوەدیری خاتوو"لوئیز رنە" لە پاریس دامەزران ولە لایەن فراماسۆنەکانی لەندەنیشەوە بە فەرمیناسران.

لە میژووی فراماسۆنیری فەرەنسادا بە دوای خاتوو"لوئیز"دا نابیٚ رۆل وچالاکی خاتوو"مادام لافاییت" خیزانی"مارکی دولافاییت" سەرداری بە نیوبانگی فەرەنسی کە پیشتر ئاماژەمان پیکرد و خاتوو"ژووزفەین" خیزانی "ناپلیئۆن بیناپارت" لە یاد بکەین!

خاتوو لافاییت، سالەکانی پیش شۆرشی گەورەی فەرەنسا، یەکیك لە کارگیرانی خانەکانی فراماسۆنیری لە فەرەنسا بووە و دوای شۆرشدا و لە دەورانی حکوومەتی ناپلیئۆن لە دامەزراندنی خانەکانی فراماسۆنی ژنان ئەرکی زۆر گرینگی بە ئەستۆوە بوو تەنانەت لە بەریوەبردن و ریکخستنی خانەکانی فراماسۆنی پیاواندا هاوکاری پیاوەکەی کردووە.

خاتوو ژووزفەین، پیش ئاشنا بوون و زەماوەندکردن لە گەل ناپلیئۆن ئەویندارى "پۆل باراس" دەبیٚ، کە باراس هاوکات لە گەل شۆرشی گەورەی فەرەنسا دەبیتە فرماسۆن و پیش بەدەستەوە گرتنی دەسەلات لە لایەن ناپلیئۆنەوە، یەکەم دەسەلاتداری فەرەنسا دەبیٚ وبە پاشای کۆماریش نیوبانگ دەردەکا. واتە خاتوو ژووزفەین زۆر هۆگری فراماسۆنیری وفراماسۆنەکان بوو، زۆر لە خانەکانی فراماسۆنیری ژنان بە پالپشتی ئەو گەشەیان کردو دواتر ئوستادی گەورەی یەکیك لە بەنیوبانگترین خانەکانی فراماسۆنیری ژنانی فەرەنسا بە نیوی "سنت کارۆلین"ی گرتە ئەستۆ.

بەنیوبانگترین ژن کە بە فەرمی چووە نیو ریکخراوی فراماسۆنیری و لە میژووی فراماسۆنیری جیهانیدا نیوی هاتووە، خاتوو "الیزابت الدورت Elisabeth aldworth" کە تەنانەت بەرهەلبینە ماسۆنییە بەنرخەکەشی کەشی لەوانەیە لە مووزەی باستانی ئیرلەندا هەلگیرابیت.

ئەم خاتوونە، کچی "ویس کنت دونرایل Vis Count Doneraile"ە، کە باوکی یەکیك لە کۆنترین فراماسۆنەکانی ئیرلەند دەبێ و ڕۆژیك لە پەرتۆکخانەکەی باوکی لە کاتی خویندنەوەی کتیبدا، خەو دەیباتەوە کە بە هەراوهوریایەکی زۆر لە خەوەکەی ڕادەچڵەکێ و بە زیرەکی خۆی بە پیودانگی دەنگەکەوە دەروا، دەبینێ پشت پەرتۆکخانەکەی باوکی سالۆنیکی گەورەیە و ئەو دەنگە لەویرا دێ. باوکیشی پیشتر لەو ریکخراوەی کە لە ماڵەکەی خۆیدا دروستی کرد بوو، هیچ شتیکی لە گەڵ باس ناکا. ئەوەش زیاتر کچەکەی هاندەدا لەو کارە نهینییەی باوکی بکۆڵیتەوە و ئاگادار بێ کە هەموو ڕۆژێ دوای نان خواردنی نیوەڕۆ ون دەبێ. بەڵام فراماسۆنەکان هەست بە دەنگی پیی دەکەن و دەزانن کەسیك خۆی لەوان گرتووە، کە دەرگا دەکەنەوە و دەبینن کچی"ویس کنت دونرایل"ە، دەیگرن و دەیبەنە خزمەت ئوستادی گەورە و لەوێ دان بە هەڵەکانی دادەنێ و ئامادەی هەر جۆرە سزایەك دەبێ کە بۆی دیاری بکەن. تەنانەت باوکیشی لە خزمەت ئوستادی گەورەدا دەڵێ: (سزای تاوانەکەی هەرچییەك بیت، ئامادەم بۆ بەریوەبردنی) "الیزابیت"یش سویندیان بۆ دەخوا تا مردنی هیچ شتیك باس نەکا و نهینی ریکخراوەکەیان نەدرکینێ. هەر چەند کاریکی ئاوا بۆ ئاشکراکرنی ئەو جۆرە ریکخراوە لەو کاتەدا، سزایەکی قورسی هەبوو.

لە میژووی فراماسۆنیریدا ئەمە یەکەمین کارو یەکەمین کەسیشە کە ئاوەها بە نهینی لە ریکخراوی فراماسۆنیری بکۆڵیتەوەو هەروا بە ئاسانی بێ سزا ویڵی کەن، بەڵام بە خاتری باوکی کە نە تەنیا فراماسۆن بەڵکو ئەندامی ئەو خانەش بوو، بەخشییان. دواتر تا کۆتایی تەمەنی (١٧٧٣ی زایینی) بوو بە یەکیك لە تیکۆشەرترین ئەندامی فراماسۆنیری ئیرلەندو وەفادار مایەوە و بەرزترین پلەی فراماسۆنیریشی تیپەڕ کردو ئوستادی گەورەی یەکیك لە خانە بەنیوبانگەکانی ئیرلەندی بەئەستۆوە گرت، تەنانەت سەرنووسەری بڵاوکراوەیەکی فراماسۆنیشی گرتە دەست.

لە سەرەتای دروست بوونی ریکخراوی فراماسۆنیری ژنان، بەریوەبردنی ڕیوڕەسمەکانیان و شیوەی وەرگرتنی فراماسۆنی نوێ، وەك ریکخراوی فراماسۆنیری پیاوان دژوار نەبوو، بەڵکوو ئاسانتر بەریوەیان دەبرد، هەروەها پیاوان حەقییان نەبوو بچنە نیو خانەی فراماسۆنیری ژنانەوەو ژنانیش بۆیان نەبوو بچنە نیو خانەی فراماسۆنیری پیاوانەوە تاکوو لە ساڵی١٨٩٣ی زایینیدا، بۆ یەکەمین جار خانەیەکی ئاویتە لە ژنان و پیاوانی فراماسۆن سەر بە ریکخراوی"گراند ئۆریان" لە پاریس دروست بوو.ئەم ریکخراوە نوییەیان ناو نا، مافی مرۆڤ (Droit Human) کە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی، جیژنی ١٠٠ ساڵەی دامەزرانییان گرت و بە پیی ئاخرین سەرژمیری لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینیدا، ٦٠٠ خانە و ١٣٠٠٠ ئەندامی هەبووە.

خانەکانی فراماسۆنیری ژنانە بە پیی ڕەوتی میژوو بەرەوپیش دەچوو، تاوایی لیهات دووهەمین ریکخراوی تیکەڵاو لە دوو ڕەگەزی (ژن وپیاو)،لە فەڕەنسا بە نیوی خانەی گەورەی تیکەڵاوی

جیهانییان دروست کرد کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ٣٠ خانە و ١٠٠٠ ئەندامی هەبووە.

یەکەمین خانەی فراماسۆنیری ژنانە لە ئورووپا دوابەدوای فەرەنسا لە ئاڵمان وئینگلستان دروست بوو.

لە ئاڵمان یەکەمین ریکخراوی ماسۆنی ژنانە لە ساڵی ١٨٧٠ی زایینیدا، لە ژنانی فراماسۆنەکان دروست بوو، ئەو ریکخراوە لە کاتی دەسەلاتداری نازییەکانلە نیوچوو. بەلام بە دوای تەواو بوونی جەنگی دووهەمی جیهانی بووژایەوە، چونکە نازیسم و فاشیسم سەرسەخترین دوژمنانی فراماسۆنی بوون.

لە ئینگلستان یەکەم خانەی ماسۆنی ژنانە لە ساڵی١٩٠٢ی زایینیدا بە نیوی "Human Duty" نیوبانگی دەرکرد کە لە بنەمادا لقیك بوو لە ریکخراوی فراماسۆنیری مافی مرۆڤی فەرەنسا.

یەکیك لەو کەسایەتییە ناودارانەی فراماسۆنیری ژنان لە ئینگلستان، خاتوو"ئانی بیسانت Besant Annie" بوو کە پەرەی بە ریکخراوی فراماسۆنیری ژنانی ئەم وڵاتە، دا. یەکیك بوو لەو کەسانەی گەیشتە پلەی ٣٣ی فراماسۆنیری کە بەرزترین پلەیە.

یەکیکی تر لەو کەسایەتییە بەنیوبانگانەی کە زیاتر لە٢٠ساڵ لە ریکخراوی فراماسۆنیری ژنانی ئینگلستاندا، خەباتی کرد، خاتوو"ئیما بوتول گوس Aimee Botwell Gosse"ە کە لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینیدا یەکەمین ریکخراوی تیکەڵاوی (ژن وپیاو) فراماسۆنیری لە ئینگلستان بە نیوی "سیستمی لە میژینەی فراماسۆنی پەسندکراو بۆ ژنان و پیاوان"( The order of Ancient Free and Accepted Masonary for men and women)دروست کرد، هەرچەند لە پیشدا لە لایەن خانەی گەورەی لەندەنەوە بە فەرمی نەدەناسرا بەڵام بە هەوڵ وهیممەتی خۆیان و بەدروستکردنی ئەنجومەنیك توانیان پەرە بە ریکخراوەکەیان بدەن و تا بەرزترین پلەکانی فراماسۆنیری تیپەرکەن، تا وایی لیهات پیش مردنی خاتوو "ئیما بوتول گوس" لە ساڵی ١٩٥٤ی زایینیدا، ئەو ریکخراوە لە لایەن یەکیەتی فراماسۆنیری نیونەتەوەییەوە (International Masonie union)، بە ئەندام وەرگیرا. ریکخراوی فراماسۆنیری ژنانە و هەروەها فراماسۆنیری تیکەڵاو (ژن وپیاو) جگە لەو چەند وڵاتە کە ئاماژەیان پیکرا، ئەو ریکخراوانە لە زۆر وڵاتانی ئورووپایی تر دامەزراون، بۆ وینە، ئیتالیا، ئیسپانیا، نەمسا، سویس، سوید، بلجییکا و هۆڵەندا.

### فراماسۆنیری ژنان لە ئەمەریکادا

ریکخراوی فراماسۆنیری ژنانە لە ئەمەریکادا کە میژووەکەی دەگەریتەوە بۆ ١٥٣ساڵ پیش ئیستا، بە گەورەترین ریکخراوی فراماسۆنیری ژنان لە جیهاندا دیتە ئەژمار. یەکەمین وگرینگترین ریکخراوەیە کە ژنانیش توانیویانە بەشداری تیدا بکەن. ئەو ریکخراوە، بە ناوی ئەستیرەی رۆژهەڵات( The order of the Estern star) لە ساڵی ١٨٥٠ی زایینیدا بە هەوڵ و هیممەتی ئەو ژنانەی پیاوەکانیان فراماسۆن بوون، دروست بوو. ژنانی پایە بەرز و بەنیوبانگی وەك کلارا بارتۆن ( Clara Barton) ئەندامییەتی ئەو ریکخراوەیان، پەسند کردووە. ئەو ژنە لە شەرە نیوخۆییەکانی ئەمەریکادا

کاری پەرستاری کردووە و لە ساڵی ١٨٧٧ی زایینیدا، ڕیکخراویکی خیرخوازی بە نیوی کومیتەی نیونەتەوەیی ئەمەریکا، دروست کرد و ساڵی ١٨٨١ئەو ڕیکخراوەی کردە ڕیکخراوی خاچی سووری ئەمەریکا کە خۆی سەرۆکایەتییەکەی وەئەستۆوە گرت.

بە پیی ئاخرین سەرژمیری لە ٢میلیۆن و٥٠٠ هەزار ئەندامی ریکخراوی فراماسۆنیری ئەستیرەی ڕۆژهەلات لە ئەمەریکا، کەمتر لە ٢٠٠ هەزار ئەندامی پیاوی هەیە، واتە لە٩٠٪ی لە ژنان پیك هاتووە و (١٥) هەزار خانەی لە ئەمەریکا هەیە.

بەلام جیاوازییەکی گەورەی ریکخراوی فراماسۆنیری ئەستیرەی ڕۆژهەلات لە ئەمەریکادا لەگەل ریکخراوەکانیتری ژنان لە ولاتانیتر، ئەوەیە: بەرزترین پلەیان تا پلەی پینجەمە و دەبنە ئوستادی گەورە، بەلام لە ولاتانی دیکەی جیهان کە پیشتر ئاماژەمان پیکرد بەرزترین پلە، پلەی ٣٣یە.جیاوازییەکیتر ئەوەیە: فراماسۆنەکانی ئەمەریکا دەتوانن نیشانەو پلەی فراماسۆنییان بە کەسانی نزیکی خۆیان وەك دایك، باوك، کوڕ و کچ بلین و کاتی دیار نەبوونیانلە هاوڕێ ماسۆنەکانیان هەوالیان بپرسن. ئەویش دەگەڕیتەوە سەر ئەو پیشکەوتنەی کە فراماسۆنیری لە ئەمەریکادا لە چاو ولاتانی دیکە بەخۆیەوە بینیوە. هەرچەند ئیستا بە پیی ئالوگۆڕەکانی دونیا، فراماسۆنیری وەك سالەکانی سەرەتای دامەزرانی بۆ کەس شاراوە نیە، بە دەیان کتیبی لە سەر چاپ و بلاوکراوەتەوە. نەتەنیا ئەو چەند ڕیکخراوەن کە وەك نموونە بۆ زانین ئاماژەمان پیکردوون، بەلکو لە هەر ولاتیکی دونیادا دەیان ریکخرا و بگرە زیاتریش دامەزراون و خەریکی تیکۆشانن.

## فراماسۆنیری لە ئیراندا!

مەکتەبی فراماسۆنیری کە میژوویەکی دووروودریژی هەیە. چەند ولاتمان بە نموونە هینایەوە، بەلام هیندیو پارسییەکانی هیندوستان بە ڕیکخراوە ماسۆنییەکانیان دەگوتن "فەراموش خانە" چونکە لە هەر کەسیکت پرسیار کردبا لە وەلامدا دەیگوت، نازانم و هیچم لە بیرنیە. دیارە ئەم زاراوەیە لە ئیرانیشلە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩دا لە زمان "میرزا ملکم خان"ی ئەرمەنییەوە داکەوت کە ئەو ناوەی لە ریکخراوە ماسۆنییەکان نا. هەرچەند بە پیی میژوو، ئیرانییەکان لە نیوەی سەدەی١٨زایینییەوە،لە گەل ئەو ڕیکخراوەدا ئاشنایەتییان هەبووە، بەلام لە زۆربەی سەرچاوەی فراماسۆنیریدا هاتووە کە ئەندامەتی ڕاستەوخۆی ئیرانییەکان لەو ریکخراوەدا دەگەڕیتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ١٩ی زایینی. ئەمانەی خوارەوەش یەکەم کەسن بوونە فراماسۆن:

١: میرزا محەمەد سالحی شیرازی

٢: میرزا جەعفەر خانی فەراهانی

٣: عەسکەر خانی ئەروومیی ئەفشار

٤: میرزا ئەبولحەسەنخانی شیرازی

واتە، لە نیو ئەو چەند کەسەدا یەکەم ئیرانیکە لە فەڕەنسا بوو بە فراماسۆن و ئەندامی خانەی میلۆسۆفیك(خانەی فەلسەفی)سەر بە گراند ئۆریان، کە گەورەترین خانەی ریکخراوی فراماسۆنیری بووە لە فەڕەنسا، ئاغای عەسکەر خانی ئەروومیی ئەفشار بوو، لە ڕیکەوتی ١٨٠٨/١٠/٢٤ی زایینیدا، ڕاستەوخۆ پیوەندی پیوەگرتوون و بۆتە ئەندامی خانەی فەلسەفی لە پاریس.

دووهەم ئیرانیکه له ئینگلستان بوو به فراماسۆن، ئاغای میرزا ئەبوولحەسەن خانی شیرازی بوو ناسراو به "ابوالحسن خانی ئیلچی"و یەکەم وەزیری کاروباری دەرەوه له میژووی ئیراندا و خوشکەزای ئیبراهیم خانی کەلانتەر، له ریکەوتی١٤ی ریبەندانی١٨١٠ز له ریورەسمیکی جیاوازدا وەرگیرا کە ٣٥ کەس له ئەندامانی خانەکه ئامادەبوون، لەوانه برای پاشای ئینگلستان که ئەوکات سەرۆکی گشت ریکخراوەکانی فرماسۆنیری ئینگلستان بوو، ناسراو به"دوك اف ساسکیس Duke of sussex".

دوای ئەمانه ئاماژه به ئەندام بوونی ٢ کەسایەتیتریش دەکەین، ١ـ میرزا جەعفەر خانی فەراهانی، هەرچەند ریکەوتی بوون به ئەندامی روون نەبۆتەوه، بەلام میرزا محەممەد سالحی شیرازی له ریکەوتی ١٤ی خاکه لیوەی١٨١٧ی زایینی، پیوەندی به ریکخراوی فراماسۆنیرییەوه کردووه. ئەم دوو کەسایەتییه لەو کەسانه بوونه که به بۆرسی خویندن له لایەن عەبباس میرزای وەلیعەهدەوه دەنیردرینه ئینگلستان و لەوێ له کاتی خویندندا خۆ به ریکخراوی فراماسۆنیری ئەوێ دەناسینن. دیاره میرزا محەممەد سالحی شیرازی به دوای گەرانەوەی بۆ ئیران یەکەمین"چاپخانه سنگی" دادەمەزرینێ و یەکەم رۆژنامەش به نیوی "کاغز اخبار" بلاودەکاتەوه. ئەمەش مانای ئینگلیسی رۆژنامەیه که پیی دەلین"News Paper".

پاش ئەمانیش،چەند کەسایەتی دیکەش له ئینگلستان بوونه فراماسۆن که کورەکانی حوسین عەلی میرزا(کوری فەتح عەلی شا)،که بریتین له:

١: رەزا قولی میرزا، تەمەن ٣٠ ساله

٢: نەجەف قولی میرزا، ٢٨ساله

٣: تەیموور میرزا،٢٥ساله

به دوای مردنی باپیرەیان فەتح عەلی شاو شکستی باوکیان به دەستی محەممەد میرزا کوره گەورەی عەباس میرزا، پەنا بۆ ئینگلستان دەبەن وله ماوەی مانەوەیاندا له سالی ١٢٥١ی کۆچی، خۆیان به ریکخراوی فراماسۆنیری دەناسینن وله گەل میرزا ئیبراهیمی شیرازی دەبنه فراماسۆن.

بیرۆکەی دروستکردنی ریکخراویکی شیوه ماسۆنی له ئیران، یەکەم جار پاش ئەوەی "فرخ خان امین الملك" لەگەل هەیئەتیکی سیاسی له پاریس بوونه فراماسۆن، هاته ئاراوه. بەلام "میرزا ملکم خان" لەم کارەدا پیشدەستی کرد هەرچەند فەرۆخخان نیسبەت بەم کارەی "ملکمخان"که دەیگوت: بیرۆکەکەی منی دزیوه، دژایەتی کرد بەلام دوای گەرانەوەیان بۆ ئیران "ملکمخان"به مۆلەتی ناسرەدین شای قاجار یەکەم خانەی فراماسۆنیری له ئیرانکه به "فەراموو‌شخانه" نیوبانگی دەرکرد، دامەزراند. هەرچەند لەبنەرەت را هەموو فراماسۆنەکانی دونیا له ئەندام بوون له ریکخراوی فراماسۆنیری دا بۆ کاروباری سیاسی خۆیان کەلکییان لی وەرگرتوه."ملکمخان"یش له دامەزراندنی فەراموو‌شخانەدا که هیچ پیوەندییەکی ریکخراوی به فراماسۆنیری جیهانییەوه نەبووه، جگه له پیگەیەك بۆ تیکۆشانی سیاسی و هاندان بۆ چاکسازی، هیچ قازانجیکی نەکردووه. هەر لەم روانگەوه ئەو کات سێ "رساله" له باری ریفۆرم و ئیسلاحاتەوه بلاوکردەوه که گرینگترینیان "کتابچه

غیبی"یە. لەو سێ نامانەدا زیاتر کۆمەڵگای ئیران لە گەڵ کۆمەڵگای ئوروپا بەراورد دەکا کە هۆیەکانی دواکەوتنی کۆمەڵگای ئیران لە چاو وڵاتانی دیکە چیە؟!

"ملکمخان" بە زیرەکی و توانایی خۆی و پتر بۆ ناسرەدین شای ڕوون دەکاتەوە، کە ڕیکخراوی فراماسۆنیری لە ئیراندا هاتۆتە گۆڕێ، دەبێ بۆ بەریوەبردنی وڵات پتر کەڵك لە کەسانی شارەزا و بە توانا وەربگیرێ، فراماسۆنیریش توانایی شتیکی ئەوتۆی هەیە و ئەگەر خۆت (مەبەستی ناسرەدین شایە) وەکوو ئوستادی گەورەی فراماسۆنیری ئیران دیاری کەی ولە کەسانی بە تواناش داوا بکەین ببنە ئەندام، بە پیی سویندی ماسۆنی کەس ناتوانێ خەیانەت بکاو هیچ نهینییەکی نیو خانەکان بەریتە دەرێ.

فەراموشخانە، هەرلەم واتایەوە هاتووە کە بە مانای ماڵی لە بیرچوونەوەیە. لەگەڵ لەوێ هاتیتە دەرێ نابێ، هیچی ئەویت لە بیر بمینێ و دەبێ نهینییەکانی ئەم ڕیکخراوەیە بپاریزی. ئیتر پاش ئەوەی شای قاجاریش ڕەزامەندی نیشاندا، فرماسۆنیری ئیرانی یان فەراموشخانە دامەزرا. بەم پییە دەبوو هەر ڕیورەسمیکی کە دەیگرن بە ئاگاداری ناسرەدین شا بێ کە یەکیك لە ماڵەکانی جەلالەدین میرزا کوڕە گچکەی فەتح عەلی شا، بۆ خانەکەیان تەرخان کرا بوو. (دیارە جەلالەدین میرزا، کتیبیکی بە نرخیشی لە پاش خۆی بە جیٚهیشتووە بە نیوی"نامەء خسروان" تەنیا پەرتۆکیکە کە بە تەواوەتی بە زمانی فارسی ڕەسەن لە ئیران نووسراوە و تاکە وشەیەکی عەرەبی چییە تیدا بەکار نەهاتووە).

بە هۆی بەدبینی ناسرەدینشا سەبارەت بە"فەراموشخانە"و ئەو کارە نهینییانەی دەسەڵاتی ناسرەدین شایان بە جاریك دەهینایە ژیر پرسیار و کۆڵەکەی دەسەڵاتییان بەرەو لەرزین دەبرد. ناسرەدین لە ساڵی١٨٦١ی زایینی بەیاننامەی پاشایەتی سەبارەت بە داخستنی فەراموشخانەی ڕاگەیاند، لەوە بەدوا کەس حەقی نەبوو، نیوی فەراموشخانە بینێ و باسی بکا.

دوای ئەوە "ملکمخان"چووە ئینگلستان و لەوێ ڕۆژنامەی"قانون"ی دەرکرد و دەستی دایە پروپاگەندە بۆ ڕیکخراویکی دیکەی شیوە ماسۆنی بە نیوی"آدمیت"، تاکوو کوژرانی ناسرەدین شا نەیتوانی ڕاستەوخۆ لە ئیران باسی ڕیکخراوی فراماسیۆنیری بکا. بەڵام بە دوای ئەو کە موزەفەرەدین شا، هاتە سەر تەختی پاشایەتی، ڕیکخراویکی شیوە ماسۆنی کە هەر دریژەدەری ڕیکخراوی "آدمیت" بوو، دەستی دایە کارو تیکۆشانی ئاشکرای خۆی. بە پیی هیندیك سەرچاوە تا١٠٠٠ ئەندامیشی هەبووە، میرزا عەباس قولی خانی قەزوینی، بە سەرۆکی کۆمەڵەی "ئادەمییەت" هەڵبژیردرا. ئەوەی جیگای ئاماژە پیکردنە، ئەوەیە بە دامەزرامدنی ڕیکخراویکی ئاوا لە ئیراندا هاوکات یاساکانی مەشرووتەشی لەگەڵ خۆی هینا و یەکیك لە خاڵە هەرە گرینگەکان کە جیگای سەرنجە، بوون بە ئەندامی محەممەد عەلی شای قاجارە لە کۆمەڵەی

"ئادەمییەت" دا، کە پاشان هەر بۆخۆشی هەڵیوەشاندەوە.

بۆ یەکەمین جار دوای داخرانی"فراموشخانە"، ڕیکخراویکی فراماسۆنیری لە ئیراندا بە دەستی شیخ "محسن خان مشیرالدولە" لە کاتی حکوومەتی مووزەفەرەدین شادا، دامەزرا. موحسین خان کاتیك لە ئیستامبوڵ پۆستی سەفارەتی بەدەستەوە بوو، بوو بە فراماسۆن و دوای گەڕانەوەی بۆ ئیران کرا بە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیران و یەکەم خانەی فراماسۆنیریشی دامەزراند. هەرچەند دوای مردنی موحسین خان خانەکەشی لە کارو تیکۆشان وەستا. ناتوانین بە یەکەم خانەی فەرمی ئیرانی دابنیین، چونکە لە لایەن هیچ خانەیەکی دەرەوەی ئیران بەفەرمی نەناسرا. بەڵام وەکوو خانەی فەرمی ناسراو لە لایەن خانەی گراند ئۆریان (ڕۆژهەڵاتی مەزن) دەتوانین ئاماژە بە خانەی"بیداری" فراماسۆنیری ئیران بکەین کە لە ساڵی ۱۹۰۷ دامەزرا. تاقمیك لە ئەندامەکانی بریتی بوونلە: ((سید نصرالله تقوی، میرزا حسن خانی وثوق الدولة، سید محمد طباطبایی، شیخ ابراهیم زنجانی، احمد خان قوام السلطنة، ابوالحسن خان فروغی، ابراهیم حکیمی، میرزا محمد خان کاشف السلطنة، عباس قلی خان قریب، سیدحسن تقی زاده، علی اکبرخان دهخدا، محمد علی فروغی، و حسین علاءو... هتد)).

بە هۆی دەسەڵاتیکی بەربڵاوی خۆی ئەو خانەیە لە داڕشتنی سیاسەتی وڵاتیشدا ڕۆڵی سەرەکی دەگیڕا و یەکەم فراماسۆنی ئیرانی ئەو خانە کە توانی حوکمی لە سیدارەدان بسەپینیّ و بەریوەشی بەریّ"موقرالسلطنة" بوو. هەر چەند بە پیی یاسای فراماسۆنی، دەبیّ ئەم ریباز (تەریقەت)ە لە نیوخۆیدا لە هەرچەشنە باس‌وخواسیکی سیاسی، بەتەواوی دووربیت، بەڵام دەبینین چەندین ئەندامانی خانەی "بیداری" وەك قوام‌السلطنة، وثوق‌الدولة، ابوالحسن خان فروغی، ابراهیم حکیمی، سیدحسن تقی زادە، محمدعلی فروغی، حسین علاءو...، دوای بە ئەندام بوونیان، گەیشتوون پلە سیاسییە گرینگەکانی وەزارەت و سەرۆك وەزیری، لە ڕژیمەکانی قاجاریە و پەهلەوی(باوك وکوڕ)دا، تا کۆتایی ژیانیشیان لەو پۆستانەدا مانەوە.

هەڵسەنگاندنی خاڵە بە هیز و لاوازەکانی کارنامەی سیاسی ئەوانەی ناومان هیناون لە حەوسەلەی ئەم باسەی ئیمە بەدەرە.

یەکەم یاسای بنەڕەتی فراماسۆنیری ئیرانهەر ئەو یاسای بنەڕەتییەی گراند ئۆریانی فەڕەنسا بوو کە لە لایەن "محمدعلی فروغی، حاجی سیدنصرللە تقوی و دبیرالملك "وەرگیڕدرایە سەر زمانی فارسی، کە لە خانەی "بیداری"دا بوون. یەکەمین کەس کە شیعری بۆ ئایینی فراماسۆنیری دانا یا ئەو ئایینەی لە قاڵبی شیعردا داڕشتووە، میرزا سادق خانی ئەمیری فراهانی (ادیب‌الممالك)ە، کە لە دامەزرینەرانی خانەی"بیداری" ئیرانیش بووە، ئایینی فراماسۆنیری لە۵۳۹ کۆپلە شیعردا گونجاندووە- بۆ وینە ئەم چەند دیڕە شیعرە وەك نموونە و دەقی فارسییەکەی دەخەینە ڕوو، کە ڕەنگەبابەتەکە بە پیزتر بکات:

((سر نام به نام آن معمار
که برافراشت این بلند حصار
اوست معمار این کشیده رواق

اوست بنای این مقرنس طاق لاپەڕەکانی ٦٥٥-٦٥٣ی کتیبی"راز بزرگ".

خانەی"بیداری"وەك لە زۆر سەرچاوەدا هاتووە، تا هەلآیسانی جەنگی یەکەمی جیهانی چالاکی هەبووە و دواترلە کار کەوتووە،، وەك پیشتر ئاماژەمان پیکرد ئەندامەکانی زۆر بوون. یەکیك لە ئەندامە گرینگەکانی کورد و خەڵکی کوردستان بووە بە ناوی"عزالملك کردستانی". هەرچەند خانەی بیداری لە لایەن گراند ئۆریانی فەرەنساوە بە فەرمی ناسرابوو، واتە پیوەندی بە یەکیك لە خانە گرینگەکانی جیهانییەوە هەبووە، کوردیش لەو خانەدا چالاکی هەبووەو ڕۆڵی خۆی گیڕاوە، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی١٩١٩ی زایینیدا (١٢٩٧/١٢/١ی هەتاوی)، لە شیراز خانەیەکی دیکە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە ناوی "لژ روشنایی در ایران"دامەزرا و بەیەکەم خانەی ڕیك و پیکی ئیران دەژمیردرا.

دەست بەکارکردنی "خانەی ڕووناکی لە ئیران" هاوکات بوو لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕیککەوتننامەی بەنیۆبانگی ١٩١٩ لە نیوان ئیران و ئینگلیز، بە پیی ئەو ریککەوتننامەیە ئیران بە تەواوی کەوتە ژیر ڕکیفی ئینگلستان، چونکە دەوڵەتی ئینگلیز زیاتر لە بەرژەوەندی خۆی دەگەڕا وقازانجی زۆریشی لە ئیراندا هەبوو و تەنیا ڕیگاش بۆ ئەو مەبەستە، دامەزراندنی ئەو خانانە بوو ئەویش لە جیگایەکی ئەستەم وپڕبایەخدا، جگە لە خانەی ڕووناکی دوو خانەی دیکەشیان دامەزراند لە ناوچەنەوتییەکانی باشوور کە سەرەتا لەو خانانەدا ئەندامی ئیرانییان تیدا نەبوو، دواتر چەند کەسیکیان وەك ئەندام وەرگرت، بەڵام کاری سەرەکی هەر لە دەستی ئەفسەرانی ئینگلیز دابوو. لە ساڵی ١٣٠١ی‌هەتاوی، خانەی"پیشاهنگ"لە ئابادان وساڵیك دواتریش خانەی"مسجد سلیمان"لە نزیك چاڵە نەوتییە بە ناوبانگەکانی"مسجدسلیمان" دەستیان بە کارکرد. لە پیش‌دا ئەو دوو خانە یانی لە کۆتایی سەڵتەنەتی قاجارەکان لە بەواری١٧ /١٩٢١/٢ ی زایینیدا،خانەیەکی عەرەبی لە"محمره" (خوڕەمشەهری ئیستا) بە دەستووری خانەی گەورەی قاهیرە لە ژیر چاوەدیری شیخ "خەزعەل"کە خۆی ئەندامی خانەی فیحا (بەسرەی ئیستا)ی دامەزرا، کە زیاتر بە خانەی شیخ خەزعەل ناسرابوو.

یەکەم خانەی فراماسۆنیری دوای ڕووخانی قاجاریەکان و هاتنە سەرکاری حکوومەتی پەهلەوی، خانەی نهینی "بیداری" بووژایەوە، ئەندامانی ئەو خانەیە لەچەند کەس تیپەڕی نەدەکرد،بەڵام خانەیەکی گەورەتر لەلایەن "محەممەد خەلیلی جەواهیری"یەوەدامەزرا بە ناوی خانەی پەهلەوی کە لە زۆر سەرچاوەدا بە خانەی هۆمایون نیودەبردریَ. لە ڕیکەوتی ١٩٥١/١١/٢٤ی زایینی (١٣٣٠/٨/٣ی هەتاوی)، هەرچەند سەرەتاوە ئەندامی زۆر بوو دەگەیشتە (٣٠٠) کەس، بەڵام لە لایەن هیچ ریکخراویکی فراماسۆنیری جیهانییەوە بەفەرمی نەدەناسرا و سەرپەرشتی خانەکەش "محمدخلیل جواهری" بوو کە پتر بواری بازرگانی پیدابوو، چونکە لە کاتی وەرگرتنی ئەندامدا باجیکی زۆری وەردەگرت، هەر بەو هۆیەوە دوای چەند ساڵ هەڵوەشا. بەڵام بۆچوونیك هەیە گوایە

محەمەد خەلیلی جەواهیری کاتی خۆی ژنیکی هیناوەو لە ماوەی مانەوەی لە ئیراندا، دوو ژنیدیکەی هیناوە یەکیان شیرازو ئەوی تریان تارانی بووە، کەژنە شیرازییەکەی دەزانیٚ کە ژنی سیهەمی هیناوە، دەست دەکات بە ئاشکراکردنی هیندیك لە نهینییەکانی جەواهیری سەبارەت بە خانەکەی و دەکەویتە سەر زار و زمانان و دەبیتە هۆی بە فەرمی داخرانی خانەی پەهلەوی و تەنانەت دەرکردنیشی لە ئیران، دواتر ژنە شیرازییەکەی لیٚ جویٚ بۆوە.- پیم خۆشە لیرەدا، ئاماژە بەو بەیتە شیعرەی شاعیری بە ناوبانگی کورد، ئەحمەدی کۆرِ بکەم کە دەلیٚ:

ئەی ئەحمەدی کۆرِ دلٚ وەفا دە
مەیل بە وەسلی یاری تاق دە
یەك دەخوازی یەك تەلاق دە
پیك هەلٚ ناکەن دوو هەویٚ —

چەند کەسیك کە پیشتر ئەندامی هەلوەشاوەی خانەی پەهلەوی بوون وەکوو"دکتر احمد هومن،دکتر محمود هومن ومحمد ساعد"وچەند کەسیتر، دەچنە فەرِەنسا وبۆ ماوەیەك لە خانەی کۆنفیانس (Confiance) کە سەر بە خانەی گەورەی میللی فەرِەنسایە وەك دەورە دیتن یانی بەرِیوەبردنی ئوسوولی فراماسۆنیری، دوای گەرِانەوەیاندا بۆ ئیران خانەیەکی نویٚ بە ناوی خانەی مەولەوی لە بەرواری (١٣٣٤/٧/٢١ی هەتاوی) دادەمەزرینن کە چەند کەس لە ئەندامەکانی بریتی بوون لە، دوکتور ئەحمەدی هومەن بە ئوستادی گەورەی ئەو خانە دیاری کرا، عەباسعەلی خەلعەتبەری، مستەفا تەجەدود، دەریادار عەبدوللای زەلی، محەمەد عەلی ئیمام شوشتەری، رەشید حائیری و عەبدولحەمیدی سەنەندجی.

ئەوەی جیگای ئاماژە پیکردنە لە دروستکردنی خانەی مەولەویدا، کەلە لایەن ریکخراوی فراماسۆنیری نیونەتەوەییەوە بەفەرمی ناسرابوو، کورد رِۆلی خۆی گیرِاوە.

دوای خانەی ریکوپیك و ناسراوی مەولەوی، خانەیەکیتر بە نیوی خانەی تاران لە بەرِواری (١٣٣٧/٢/١٩ی هەتاوی)بە شیوەی رِیکوپیك وناسراو لە لایەن خانەی گەورەی سکۆتلاندەوە دەستی بەکار کرد کە ئەندازیار "حسین شقاقی" کە یەکیك لە دامەزرینەرانی بووە وەك ئوستادی گەورەی ئەو خانەیە دیاریکرا. لە دامەزراندن و بەفەرمی ناسینی ریکخراوی فراماسۆنیری ئیرانی وگریدانیان بە پرسە سیاسییەکانی ولاتەوە، ریکخراوی فراماسۆنیری ولاتانی زلهیزی جیهان لەوانە ئالمان رِۆلی سەرەکیان هەبووە. لە ئیراندا چەندین خانەی فەرمیو ناسراوی سەر بە ریبازی ماسۆنی ئالمان هەبوون، بۆ وینە دەتوانین خانەی"ستارەسحر" وەك یەکەم خانەی رِیکوپیك وسەر خانەی گەورەی ئالمان نیوبەرین کە لە سالی ١٩٦٠ یزاییینیدا، دەستی بەکار کرد.جگە لەوە چەند خانەی دیکەی وەك خانەکانی"میهر، وەفا، سەفا، ئافتاب" کە هەمویان سەر بە فراماسۆنیری ئالمان بوون یەك لەدوای یەك دامەزران. بەلام بە هۆی ناکۆکی نیوانیانتەنیا خانەی"ستارە سحر"لە لایەن ریکخراوی فرماسۆنیری ئالمانەوە بە فەرمی دەناسرا، کە ئەندازیار "جعفر شریف امامی"بە ئوستادی گەورەی ئەو خانە دیاری کرا و خانەکانی دیکە لە لایەن ئالمانییەکانەوە فەرمینەبوون.

به گشتیی هەموو خانەکانی ئیران تا دامەزرانی خانەیەکی میللی بەم شیوەیە کورت کەینەوە، یانی لە سالّی ١٣٣٤ تا ١٣٤٧ی هەتاوی، نزیکەی ٢٤ خانەی فراماسۆنیری لە ئیراندا دەستیان بەکار کردووە، هەموویان سەر بە ریکخراوی فراماسۆنیری ولاّتانی ئینگلیز، فەرەنسا وئالّمان بوون، واتە ١١ خانەیان سەر بە خانەی گەورەی سکۆتلاند بوون. خانەکانی سەر بە فراماسۆنیری ئینگلستان بریتین بوون لە: رووناکی، تاران، کوروش، خەییام، ژاندارك، ئیسفەهان، ئاریا، خوزستان، ئەهواز، نوور وشیراز".

ئەو خانانەی لە ژیرچاوەدیری خانەی گەورەی نەتەوەیی فەرەنسا بەریوە دەچوون،(١٠) خانە بوون کە بریتین بوون لە: مەولەوی، سەعدی، فرووغی، حافز، شەمسی تەبریزی، ئیبن سینا، مەزاد، لافرانس(La-france)کە بە مانای فەرەنسا هاتووە، کەسرا و مەشعەل". ئەو چەند خانەش کە سەر بە خانەی گەورە و یەکگرتووی ئالّمان بوون ٣ خانە بوون: میهر، هەتاو و ئەستیرەی سەحەر.

دامەزرانی خانانەکانی فراماسیۆنری لە ئیرانبە تەواوی ورەی شایان دابەزاندبوو، لەوە دەترسا کۆلّەکەی دەسەلاّتی وەلەرزە بخەن، چونکە بنەما و دامەزراندنی ریکخراوی لەو جۆرە کە لەگەلّ سیاسەت گریّ دراون و ئەندامانیشیان لە مرۆڤی هەلّکەوتو و رۆشنبیرانی کۆمەلّگان، لە زۆر ولاّت ئالاّهەلّگری ئازادی و سەربەخۆیی وسەربەستی بوون. هەروەك پیشتریش لە چەند جیگایەکدا ئاماژەمان پیکرد، هەربۆیە بۆ دەسەلاّتدارانی حکوومەتی پەهلەویش جیگای نیگەرانی بوو. لە هەمووش گرینگتر ریکخراوی فراماسۆنیری ٣ ولاّت هەرکامە بۆخۆی چاودیری چەند خانەیەك بوون و خانەی ولاّتی بەرامبەریان بە فەرمی نەدەناسی. ئیرانیش بۆ ئەوەی وەك ولاّتانی دیکە ریکخراوی ریكوپیك بەفەرمی و ناسراوی هەبیّ لە لایەن فراماسۆنیری جیهانییەوە، بۆ یەکەمین جار "عەلی مەرەندی"بیرۆکەی دامەزراندنی ریکخراویکی یەکگرتووی میللی هینایە کایەوە و نامەی بۆ هەموو ریکخراوەکانی فراماسۆنیری فەرەنسا، ئالّمان وئینگلیز نووسیی و لە گەلّ شەخسی شاش باسی کرد. سەرەتا محەمەد رەزای پەهلەوی بۆ یەکخستن وزیاتر کۆنترۆلّکردن لە لایەن خۆیەوە دژایەتی نەکرد و رازی بوو، هەرسیّ خانەی گەورەی ئەو ولاّتانەوەش پەسندیان کرد و خودی شایان وەك ئوستادی گەورەی خانەی گەورەی ئیران کاندید کرد، بەلاّم شا دواتر دژایەتی کردو لە جیاتی خۆی ئەندازیار"جعفرشریف امامی"سەرۆکی مەجلیسی سەنای ناساند. هەرچەند لە گەلّ دژایەتی زۆر لە ئەندامانی ئەو خانانەوە رووبەروو بۆوە، بەلاّم چونکە لە لایەن شاوە دیاری کرابوو تازە هەر دەبوو ئەو با. سەرئەنجام لە ریورەسمی کرنەوەی یەکەمین خانەی گەورەی فراماسۆنیری ئیران- کە دەکریّ بە یەکەم ریکخراوی فراماسۆنیری میللی ناوی بەرین- لە ریکەوتی (١٠/١٢/١٣٤٧ی‌هەتاوی)لە تاران، دامەزرا، بە بەشداری دوکتور"رومرw.Romer"، ئوستادی گەورەی خانەی گەورەی یەکگرتووی ئالّمان و چەند کەسایەتی پایەبەرزی دیکە، "سر رۆنالّد ئوور ئیروینگ sir-Ronaldorr Erwing"، ئوستادی گەورەی خانەی سکۆتلاند و

هاوڕایی کردنی چەند کەسایەتی فراماسۆنی دیکە و شاندی نوینەرایەتی خانەی گەورەی نەتەوەیی فەرەنسا بە سەرۆکایەتی ئوستادی گەورەیان"ارنست وان هك E.van Hecke"و زۆر لە کەسایەتی و ئەندامانی پیشووی خانەکانی دیکەی نیوخۆی ئیران. شەریفی ئیمامییان وەك یەکەم گەورە مامۆستای خانەی میللی ئیران دیاری کرا، گۆیا مانگانە ٢٥هەزار تمەنی ئەوکاتی وەك مووچەی بەرپرسی خانەی یەکگرتووی گەورەی میللی وەرگرتووە.

لە بانەمەڕی ١٣٤٩ی هەتاوی‌دا، کە ئەنجومەنی بەرزی فراماسۆنیری ئیران دامەزرا و دوکتور مەحموودی هوومەن کە گەیشتبۆ پلەی ٣٣ی فراماسۆنیری، بە یەکەم ئوستادی ئەو شوورایە هەڵبژیردرا و لەوەدوا ڕاستەوخۆ پیوەندی بە فراماسۆنیری جیهانییەوە هەبوو. توانایی پیدانی پلەی ماسۆنی لە لایەن ریکخراوی فراماسۆنیری جیهانیشەوە بەو شوورایە درابوو، تەنانەت بۆ ئەو کۆنفرانسانەی هەر ساڵەی لە یەکیك لەو وڵاتانەی ئەنجومەنی باڵای فراماسۆنیری لیٚ دامەزرابوون، دەعوەت دەکران. لە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی‌دا، ٢٦هەمین کۆنفرانسیان لە ئیسرایل(اورشلیم) بەست، شاندیکی ئەنجومەنی باڵای فراماسۆنیری ئایینی ئیسکاتی ئیرانیش بە سەرپەرشتی ئوستادی گەورە دوکتور مەحموودی هوومەن بانگهیشت کرابوو،شانددەکە بریتی بوو لە: محەممەد حەسەن مووشیری، قەمەر مووشیری، نەرگس مووشیری، لەیلا مووشیری، مەسعوود هیدایەت، قەمەر هیدایەت، پەریسا هیدایەت، مەحموود زیایی، عووزرا زیایی، ئەحمەد هوومەن، مریەم هوومەن، سۆهی ڕۆحانی، ئەبوولحەسەن مەعەدڵ، عیسمەت مەعەدڵ و عەلیڕەزا ئەمیرسلیمانی.

لەسەر بڕیاری کۆنفرانسەکانی نیونەتەوەیی ئەنجومەنەکانی باڵای فراماسۆنیری جیهانیی کە بریار بوو لە ساڵی ١٩٧٨ی‌زایینی‌دا، ٢٨هەمین کۆنفرانسیان لە ئیران بەڕیوەبەرن، ئەنجومەنی باڵای فراماسۆنیری ئیران ئامادەکاری بۆ کرد لە دوو کومیتەی بەڕیوەبەری‌دا، کومیتەی ژنان "عوزرا زیایی وەك سەرۆك، خوجەستە هیدایەت، سەفووڕا ئەمیر سلیمانی، مریەم هوومەن، پەری یەگانەگی و مەلیحە حەی" هەم وەك بەڕیوەبردنی کۆنفرانس و هەم وەك میوان بەشدار بوون، ".

هەرچەند بە هاتنی شۆڕشی گەلانی ئیران ئەو کۆنفرانسە نەبەسترا، لە ڕیبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی"ئەنجومەنی بەرزی پلە٣٣ و ئاخرین پلەی ئایینی لە میژینەی ئیسکاتی فراماسۆنی ئیران"یەکسەر داخرا.

ریکخراوی فراماسۆنیری فەرمی لە ئیراندا میژوویەکی کۆنی نیە، لە هەمووش گرینگتر زوو خڕکرایەوە، بەڵام نابیٚ ڕۆڵی ژنان لە بیرکەین. زۆر خانەی فراماسۆنیری دروست بوون، هەرچەند بە فەرمی یا وەك خانەیەکی ژنان لە ژیرچاوەدیری خانەکانی دیکە دامەزرابیٚ، نەبوو، بەڵام بەشداربوونی ئەو چەند ئافرەتە لە گەڵ شاندی ئەنجومەنی باڵای فراماسۆنیری ئیران لە کۆنفرانسی ئورشەلیم و دانانی کۆمیتەیەکی بەڕیوەبەری بەشیك لەو کۆنفرانسەش کە بڕیار بوو لە تاران بەڕیوەبچیٚ، بایەخی هەبوو. وا دەردەکەویٚ بە

دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵا، پلە٣٣، دوایین پلەی ئایینی میژینەی ئیسکاتی، لە فراماسۆنی ئیران پەسندکرا. کە زۆر لە ماسۆنەکان تا پلەی ٣٣هەڵکشا بوون. ریکخراوی فراماسۆنیریش نهینییە جگە لە ئەندامەکانی، کەسانی دیکە بۆیان نیە لە هیچ مەراسم و بۆنەیەکییاندا بەشداری بکەن. نەتەنیا بەشداربوون بەڵکوو سپاردنی ئەرکی بەریوەبردن بەو چەند ئافرەتەو بەشداربوونیان لە کۆنفرانسیکی جیهانیی فراماسۆنی‌دا، دەری دەخا ئەو ئافرەتانەی کەس‌وکاریان فراماسۆن بوونە، بە هاندانی ئەوان و لە ژیرچاوەدیری ئەنجومەنی باڵای فراماسۆنی ئیران، کومیتەیەکییان دروست کرد و پیوەندی‌یان بە فراماسۆنیری ژنانی دەرەوەی وڵات کرد. لە لایەکی دیکەوە دەردەکەویٚ لە گەلیك ریورەسمی ئەو ئەنجومەنە باڵایەدا ژنانی فراماسۆنەکان بە ئەندام وەرگیرابن وبەشدارییان کردبیت. هەر چەند وەك ئاماژەمان پیکرد، نەبووە راستەوخۆ خانەیەکی تایبەتییان هەبوویٚ، بەڵام بە لی وردبوونەوە دەردەکەویٚ لانیکەم ئەو چەند ئافرەتە- نەرگس مووشیری، لەیلا مووشیری، خوجەستە هیدایەت، سەفوورا ئەمیر سلیمانی، مریەم هوومەن، پری یەگانەگی و مەلیحە حەی، پەریسا هیدایەت، عووزرا زیایی، عیسمەت مەعەدلْ، سۆهی رۆحانی- ئەندام و فراماسۆن بووبن و لە ریورەسمەکانی ئەو شوورایەدا بەشدارییان کردبیت. لەگەلْ ئەو میژووە کورتەدا ئەمەجیگای شانازی و بایەخیکی زۆرە.

**فراماسۆنیری پاش شۆرشی گەلانی ئیران**

قوتابخانەی فراماسۆنیری هیندە میژوویەکی دووروودریژی هەیە دەتوانم بڵیم هیچ وڵاتیك نەماوە بە تایبەت ئەو وڵاتانەی خاوەنی میژوویەکی کۆن ودەوڵەمەندن، ئەو ریبازەی لیٚ دانەمەزرابیٚ. ئەو مەکتەبەیان کردۆتە ئامرازیك بۆ پتر خزانە نیو وڵاتیك وکەڵك وەرگرتن لە بواری سیاسی‌دا کە زۆرجار ئەندامانی ئەو ریکخراوە توانیویانە خاڵی مەبەست بپیکن، زۆرجاریش بۆتە خۆرکە و لەدەستدانی دەسەڵات ولە نیوچوون وداخرانی خانەکانیان. واتە زۆر نەیاری بۆ پەیدابووە هەر لە نیوخۆی ریکخراوەکەوە بگرە تادەگاتە نیوجەرگەی کۆمەڵانی رۆشنبیر، چ بە پرۆپاگەندەی رۆژانە و چ بە نووسین و لە چاپدانی کتیب و وتار دژی ئەو ریبازە، کە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵکی، زۆرجاریش بە هەزاران کتیبی لە سەر نووسراوەو لە فۆرمیکی رازاوەدا تا سەرنجی کۆمەڵگا راکیشیٚ. بە پیی زۆر سەرچاوە تا ئیستا، لە سەرتاسەری دنیادا نزیکەی١٠٠ هەزار کتیب لە بارەی فراماسۆنیری دا چاپ کراوە، کە(١٢٨٨٠) دانە کتیب تەنیا لە وڵاتی ئەمەریکا، ئەوانی‌تریش لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی وەك، فەرەنسا، ئاڵمان، بریتانیا، ئیتالیا وئیران و...چاپکراون.

دەتوانین بە شیوەی سەرەکی ئاماژە بە دوو نەیاری ئەو مەکتەبە بکەین کە نەك هەر دژی بوون بەڵکوو بە هاتنە سەرکاریان نەیانهیشت بە نهینیش دریژە بە تیکۆشانی خۆیان بدەن — لە زۆر وڵات کە دەسەڵاتدارانی یەکەمی وڵات دژی

ئەو مەکتەبە بوون پییان ڕاگەیاندوون کە نابێ دەست لە کاروباری سیاسی وەردەن، بەڵام نەبوونە ڕیگری فەرمی لە سەریان و خانەکانیان پێ دابخەن. فراماسۆنیری بەو شیوە کە پیشتر لە دەورانی پەهلەویدا بە ترس‌وماندوو بوون تاقمیك توانیان ریکخراویکی فڕاماسۆنری یەکگرتو و میللی پیك بهینن، بەڵام پاش شۆڕشی گەلانی ئیران لە ساڵی١٣٥٧ی هەتاویدا دەوڵەت هەمووخانەکانی فڕاماسۆنری داخست.

یەکیکی دیکە لەو وڵاتانەی کە جیگای ئاماژە پیکردنەو بە نەیاری پلەی دووهەمی مەکتەبی ناوبراو دەناسرا وڵاتی عیڕاق بوو(واتەڕیژیمی بەعس)، ریکخراوی فراماسۆنیری لەو وڵاتەدا میژوویەکی زۆر کۆنی نیە، لە سەرەتاکانی سەدەی١٩، بۆ یەکەمین جار لە شاری بەسرە، یەکەم خانەی فراماسۆنیری تیدا دامەزرا و لەویڕا گوازرایەوە بۆ شارەکانی کەرکوك (خانەی کەرکووك)، بەغدا(خانەی بەغدا)، خانەی دیجلە، خانەی عیڕاق. زۆر کەسایەتی ناوداری ئەو وڵاتە لە ڕیگای مەکتەبی فراماسۆنیرییەوە بە دەسەڵات گەیشتن. تا کودەتای ساڵی ١٩٥٨ی دژی رژیمی پاشایەتی، ئەو ریکخراوانە تیکۆشانییان هەبوو. زۆر لە کەسایەتی سیاسیی و سوپاییەکانی ئەو کاتی عیڕاق تییدا ئەندام بوون، بۆ وینە سەرۆك وەزیر و(٣٥) وەزیر، (٣٠)فەرماندەی سوپا و(١٨) کەس لە سەفیر و باڵادەستانی وەزارەتی دەرەوە. بەڵام دوای کودەتا یەك لەدوا یەکەکانی عیڕاق، هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس لە ساڵی١٩٦٨ی زایینیدا، بە تایبەت دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن سەدام حوسینەوە لە ساڵی١٩٧٩، ریکخراوی فرماسۆنیری لە عیڕاق نەما.

دکتۆر مەحموودی هوومەن، گەورە مامۆستای ئەنجومەنی بەرزی فراماسۆنیری ئیران کە لە لایەن ریکخراوی فراماسۆنیری‌جیهانییەوە بە تایبەت لە وڵاتی فەرەنسا بەفەرمی دەناسرا، لە ماڵەکەی خۆی چەندین کۆبوونەوەیان کرد، فراماسۆنە بەشداربووەکان کە تاقمیکیان هەر لە ئیران مابوون و خۆیان حەشار دابوو، لە پەنجەکانی دەست تینەدەپەڕین. پلەی ٣٣ی گەورە مامۆستای ئەو ریکخراوەی لە ڕیکەوتی ١٣٥٩/٢/١٧ی‌هەتاوی‌دا، بە دوکتور عەلی ئەمینی خۆیی، بەخشرا. نیشانەی ئەو پلەیە پیدانی ئەنگووستیلەیەك کە لە نیویدا ئەو ڕستەیە هەڵکەندراوە" Deus Meum Que jus" یانی"خواوەند و مافەکانی من" کە بە نیشانەی ئاخرین پلەی مەکتەبی فراماسۆنیری دادەندریٚ، دوای وەرگرتنی ئەو پلەیە لە کۆنفڕانسی سەرۆکایەتیی فراماسۆنیری جیهانیی لە پاریس وەك نوینەری فراماسۆنیری ئیرانی بەشداریی کرد، بە دوای ئەوە ئیتر بۆ یەکەمین و ئاخرین جار لە ئیران خانەکانیان داخستن وئیتر نیویان نەما.

بەڵام بە هەوڵ و هیمەتیی فراماسۆنەکانی ئیران کە ئاوارەو پەڕیوەی هەندەران بوون لە وڵاتانی بیگانەش‌دا، نەیانهیشتووە ئەو ریبازە لەناو بچێ. یەکەم هەنگاو بۆ دروستکردنەوەی ریکخراوی فراماسۆنیری ئیرانییەکان لە دەرەوە لە

فەرەنسا هەڵگیرا. لە پاریس یەك خانەی فراماسۆنی ئیرانی بە نیوی"عطار" بە نافەرمی دەستی دایە کارو چالاکیی تا ساڵی ١٩٩٠، خانەی ناوبراو لە ریورەسمیکی بەشکۆدا لە ناوەندی خانەی گەورەی میللی فەرەنسا بە بەشداری ٥٠٠ کەس و گەورە مامۆستایانی خانەی میللی ئەو وڵاتە دەستی بە کار کرد.

لە ئەمەریکاش لە دەهەی ١٩٩٠ی زایینیدا، ریکخراوی فراماسۆنیری ئیرانییەکانی هەندەران لە کومیتەیەكدا بەنیوی خانەی گەورەی ئیران کەوتەچالاکی و زۆربەی ئیرانییانی دانیشتووی ئەو وڵاتەی هیناوە ژیر دەسەڵاتیی خۆی و"مظفرجندقی"وەکوو گەورە مامۆستا دیاریی کرا. ـــ"مظفرجندقي"نوینەری مەجلیسی میللی ریژیمی پیشووـــ چەندین خانەی دیکەی وەك، خانەکانی، مەولەوی، حافز، هاتف و توسی، دامەزران. لە بانەمەری ساڵی ١٣٧٦یهەتاویدا، کۆبوونەوەیەکی بەرینییان بە ناوی دانیشتنی گەورەی کۆمیتەی خانەی گەورە لە شاری بۆستۆنی ئەمەریکا پیك هینا کە هەموو خانە ئیرانییەکانی ئەمەریکا تییدا بەشداربوون. مەبەست لەم کارەش ریکخستن وهەرچی زیاتر بووژاندنەوەی کاروباری خانەی فراماسۆنییە ئیرانییەکانی نیشتەجیی ئەمەریکا بوو وتا ئیستاش لە کاروبار ولیك نزیك بوونەوەی خۆیان بەردەوامن.

## دامەزراندنی ریکخراوی فراماسۆنیری لە روانگەی فراماسۆنەکانەوە!

هەروەك لە میژووی کۆنی ئەو ریکخراوە پان و بەرینەدا، هاتووە و جیگای متمانەو باوەری هەر فراماسۆنیکە:*"ئازادیی، برایەتیی و یەکسانی "یان کردۆتە دروشمی خۆیان.* واتە، ئازادی لە گەڵ ریزدانان و پیرەوی کردن لە یاسا، یەکسانی ویرای پیرەوی لە ریبەران و برایەتی ویرای ریزدانان بۆ کەسانی لە خۆت زاناتر و بەریوەبردنی فەرمانەکانی.بە واتایەکی گشتی، هەر مرۆڤیك خاوەن و گەورەی شەخسی خۆیەتی، لە ئاکامدا فەرمانرەوایی مرۆڤ بە سەرشەخسی خۆیدا، ئازادی دینیٚ، ئەو ئازادییەی لە گەڵ لەدایك بوونی مرۆڤ، لە دایك دەبیٚ. لە بنەمادا مرۆڤ بۆ خۆی ئازادی دینیٚ، بەڵام ئەوە دیکتاتۆرانن لیی زەوت دەکەن و نایەڵن وەك پیویست کەڵکی لیوەرگریٚ. واتە کەس و ئازادیو دەسەڵات، کۆکەینەوە کۆمەڵگا پیك دەهینن و لە کۆمەڵگاشدا، دەوڵەت دروست دەبیٚ.

دەتوانین بڵیین، مرۆڤەکان بەشیك مافیان لەگەڵ یەکتر تیکەڵاو و جیانەکراوەن، واتە هاوبەشن و لە بەشیکی دیکەیان لیکجیان، لەم بەشەی ئاخری دا لە گەڵ دەورووبەری خۆی یەکسانن، دەبیٚ بە یەکسانی بژین و مافی کەسانیتریش لەبەر چاو بگرن تیکرای ئەو ماف وئازادییانە دەبیٚ لە لایەن مرۆڤ و کۆمەڵگاوە بپاریزرین و یەکسان بەریوەبچن، ئەمەش ئەرکی هەر مرۆڤیکە، واتە ئەو هیزانە پیکەوە وشەیەك بە نیوی برایەتیی و هاورییەتی پیك دەهینن:

مرۆڤیکی باش و چاك لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر.

ئەوەی جیگای ئاماژە پیکردن و وەبیرهینانەوەیە لە ئایینی ئیسکاتیدا، کە پلەبەندییەکەی لە پلەی یەکەم تا پلەی ٣٣ وەدەبیتە گەورە فەرماندەی دەسەلاتدار. بەلام تیپەڕکردنی هەموو پلەکان لە نیو خانەدا نین و نامیننەوە، یانی لە ئایینی ناوبراودا لە پلەی یەکەم تا سیهەم ریکخراوی پایەن، بە شوینی ریوڕەسمەکانیان دەڵین، خانە. لە پلەی چوارەم تا دەگاتە پلەی هەژدەهەم، بە شوینی ریوڕەسمەکانیان، دەڵین خانەقا (شاپیتر). لە پلەی نۆزدەیەم تا دەگاتە پلەی سی، بە جیگای ریوڕەسمەکانیان دەڵین کۆنگاشستان(کۆنسیل Conseil). بە شوینی مراسیمی پلەکانی ٣١،٣٢ و٣٣، کە دوایین پلەیە دەڵین بارەگا(تیکەلاویك لە خانەقا و کۆنسیل). واتە نیوبردنی هەرکام لەو شوینانەی سەرەوە لە لایەن ماسۆنەکانەوە نیشانەی کۆنی بەئەندامبوونیانە، ئەوەش دەردەخا ماسۆنە پلە نزمەکان حەقی بەشداری مەراسمی پلەکانی سەرەوەی خۆیان نیە. دەتوانین ئایینی ناوبراو وەك هەرەمیك دابنین کە بناغە و کۆڵەکەکانی ریبازی ماسۆنی پیك دینیّ.

فراماسۆنیری ریکخراویکە زۆر لەوە وبەرینترە بتوانین لە چەند لاپەڕەدا باسی بکەین، چونکە لە ڕوانگە جۆراوجۆرەوە لە سەری نووسراوەو باسکراوە، هەرچەند ڕەنگە زۆر شتی دیکە مابن نەنووسرابن یا هیشتا نهینییەکەیان ئاشکرا نەبووبیّ یان کەس نەیتوانی بیّ بەو شیوەی شایانی لیکۆڵینەوەو نووسین بیت، بیانخاتە روو. سەرەڕای ئەو هەموو سەرچاوە بەنرخانەی زۆربەیان لە لایەن ئەو کەسانەوە نووسراون کە خۆیان فراماسۆن بوون، زۆر شت ماوە کە لەسەری بنووسریّ، کەچی لە قاڵبی نهینیدا ماوەتەوە. بەلام بە پیی یاسای فراماسۆنیری، فراماسۆنی ڕیکخراویکی برایەتییە کە کۆڵەکەی دروستبوونی باوەڕ بە خودا، بیناسازی گەورەی جیهان و ئەزەلی بوونی خودایە. هەروەها ڕاهینان و بارهینانی ئەندامانی ئەو ڕیکخراوەیە، پیڕەوی کردنە لە بنەماکانی ئەخلاقی وئیمان و ڕاستی، کە فراماسۆنەکان دەبیّ کەسانیکی نیشتمانپەروەر و پیڕەوی یاساکانی ولات بن و...وەك پیشتر ئاماژەی پیکراوە.

هەروەك لە یاسای بنەڕەتیی فراماسۆنیریدا هاتووە، هەموو کاروکردەوەیەکیان دەبیّ لە شیوەی ڕەمزدا فیربن، ئەویش فیربوون لە شیوەی هونەری بیناسازی، چونکە لە نیو خانەکانیاندا زۆر کەرەسەی بیناسازی وەك، گونیا، پڕگار، شاقۆڵ، ماڵە و چەکوشی بەردتاشین هەیە. هەر کەرەستەیەك بە نیشانەی ڕەمزیك داندراوە کە ڕەمزەکانیان بەم شیوەیە، ڕاستی، دروستی، سەبرو تەحەمول و میانەڕەوی، مانەوە و خۆڕاگری، هاتووە. ئەویش دەگەڕیتەوە سەر گرینگی کاری ئەو قوتابخانەیە.

جگە لەو کەرەستانە، تابووت و پەیکەری هیسکی مرۆڤیشی لییە، ئەویش بەو مانایە کە ئەی مرۆڤەکان ئەوە پاشەرۆژی هەر گیانلەبەریکە بە تایبەتی مرۆڤ، کە دەبیّ باشتر و ڕوونتر بڕوانیّ و بزانیّ بە غەیرەز خودا کەس نامینیّ. هەربۆیە

دەبێ ئەخلاق و کرداری باش و چاك ڕەچاو بکەین و ڕواڵەتی کەس لەبەرچاو نەگرین و پتر لە دڵەوە بڕوانینە دەورووبەری خۆمان و هیچکات بە پێچەوانەی دەستوورەکانی ویژدان ڕەفتار نەکەین، چونکە خودا لە دڵی مرۆڤەکان ئاگادارە و زیاتر لە دڵیانەوە هەڵیان دەسەنگێنێ نەك بە ڕواڵەتیان. یانی لەو چەند ڕۆژەی ژیانی دونیادا بەردەوام خەریکی فێربوونی زانست و بردنە سەری پلەی زانیاری بەو لەو کەسانەی لەخۆت شارەزاترن، زانست و زانیاریوەربگرە، چونکە زۆر کەس لە ژیاندا هەوڵ دەدەن زانیاری وەدەست بینن وتەمەنیك بۆ بردنە سەری زانیارییان تێپەڕ دەکەن، بەڵام ڕەنگە بەو حاڵەش زاناو شارەزا نەبن چونکە هیچ کەسیك هەموو شتێك نازانێ، هەروەك زانای گەورە خەییام لەم بارەوە دەڵێ:

"هەفتاودوو ساڵە دەخوینم وا تازە دەزانم کە لە هیچ نازانم".

ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە لە خۆبەزل زانین خۆ بەدوور بگرین و کەم بڵێین و زۆر گوێ بگرین و لە کاتی قسەکردندا بزانین چی دەڵێین و خاوەنی قسەی خۆمان بین.

نابێ ئەوەش لەبیرکەین، زۆر لە فراماسۆنەکان دوای ئەوەی بە دەسەڵات گەیشتوون بوونەتە دیکتاتۆڕ و ئەو بەڵێن وپەیمانەی کە پیشتر دابوویان پشت گوییان ختسوە و هیچییان لە بیریان نەماوە. ئەگەر بڵێین ئیتر ئەو ریکخراوە بە کەڵك نایەت، هەڵەیە. چونکە لەو قوتابخانەیەدا کەسانیك هەڵدەکەون خاوەنی گفتی خۆیان نەبن، تەنانەت بە دژی ریبازەکەشیان بوەستن، ئەوەش هیچ زیانیك بەو قوتابخانەیە ناگەیەنێ، ئەوانەش لە چاو بەرینی ئەو قوتابخانەیە، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن. ئەمەش نیشانەی زیندووبوونی ئەو ریبازەیە. دەتوانین بڵێین ریکخراوی فراماسۆنیری لە سەر ئەو درووشمانە دامەزراوە و بەردەوامە کە لە بەندەکانی یاسای ئەو ریبازەن:((ئازادیی، برایەتیی و یەکسانیی ))،کە ئاکامەکەشی، کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسانە بۆ کۆمەڵێکی بەختەوەر. ئەمەش پرۆسەی بە جیهانی بوونی ئەمرۆیە کە وڵاتانی هاوپەیمان یا رۆژئاوای هاوبەرژەوەند دەیانهەوی پیادەی بکەن، کە چەندین سەد ساڵ لەمەو پیش فراماسۆنەکانە لە یاسای خۆیاندا گونجاندوویانەو کۆمەڵگاش چاوەڕوانی کات و سەردەمیکی وایە کە ئازادی، برایەتی و یەکسانی بەخۆیەوە ببینێ.

---

* بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە پتر لەبەر ئەوەیە بۆ خوینەری کورد بەتایبەتی خوینەری تازەکار، نامۆیە. *گۆڤاری تویژینەوە*.

---

سەرچاوە: رازبزرگ
فراماسونها و سلطنت پهلوی (٢ جلد)